بە پشتگیری کۆلێژی ماف - زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراوە

چەمکی یاسا

کەمال سەعدی

مامۆستا لە کۆلێژی یاساو رامیاری

زانکۆی سەلاحەددین

١٩٩٩

چەمکی یاسا

کەمال سەعدی

مامۆستا لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری

١٩٩٩ - هەولێر

پێشکەشە :

بە هەموو ماف خوراوێك

بیرۆکەی یاسا بیرۆکەیەکی زۆر کۆنە وەك کۆنیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جا بۆ ئەوەی بەرەو قوڵیی ئەم بیرۆکەیە شۆڕبینەوە دەبێ لەواتای یاساوە دەست پێ بکەین چونکە تا لەمانای یاسا نەگەین ناتوانین بنچینەی یاسایی لەبنچینەکانی تری ڕێکخەری ڕەوشتی کۆمەڵایەتی جیابکەینەوە هەروەها بایەخی یاساشمان بۆ دەرناکەوێ وەك کۆمەڵە بنچینەیەکی ڕێکخەری ڕەوشتی کۆمەڵایەتی.

واتای یاسا:

واتای یاسا لەرووی زمانەوانییەوە جیاوازە لەگەڵ مانا زاراوەیەیی یەکەی بۆیە بەباشی دەزانین سەرەتا واتای یاسا لەرووی زمانەوانییەوە روون بکەینەوە کەواتای بەردەوامیو جێگیربوونو ڕێكو پێکی دێت.

بۆ نموونە دەڵێن: (یاسای گەردوون) مەبەست لەمە ئەو سیستمە جێگیرو نەگۆڕی گەردوونەیە کەبەپێی ئەو ئەستێرەکان بەدەورەی خۆیان دەخولێنەوە هەروەها یەك بەدوای یەك هاتنی شەوو ڕۆژیش دەگرێتەوە.

هەروەها دەووترێ یاسای (خستنەروو و داوا خواست) مەبەست لەمە ئەو بنچینە جێگیربوەیە لەزانستی ئابووریدا کە بڕیار لەسەر کاریگەریتیی خستنەروو و داوا خواستی کەڵو پەڵو گوزارشت لەسەر بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی نرخو کرێکانیان دەدات.

یان (یاسای ماسی) مەبەست لەم بنچینەیەش ئەوەیە ماسی گەورە ماسی بچووک دەخوا هەروەها لەهەندێك وڵاتان پێی دەڵێن (یاسای جەنگلستان) یان حوکمی هێز واتە ئەوەی بەهێزە ویستو ئارەزووی خۆی بەسەر ئەوانی لەخۆی بێ هێزتر دەسەپێنێ.

بەڵام لەرووی زاراوەییەوە چەمکی یاسا دوو مانای هەیە. یەکیان واتایەکی گشتییە ئەوەی تریشیان تایبەتییە.

یاسا بەمانا گشتییەکەی بریتییە لەو کۆمەڵە بنچینانەی کەژیانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵ رێك دەخات، هەموو کەسێکیش رێزیان لێ دەگرێتو دەسەڵاتی گشتی لەرێگای هێزەوە کەفالەتی رێزگرتنیان دەکات.

واتە ئەگەر یەکێك سەرپێچی لێ کردنو رێزی نەگرتن لەلایەن دەسەلاتی گشتییەوە بەهێز بەرپەرچ دەدرێنەوە واتە سزا دەدرێن.

بەڵام مەبەست لەیاسا بەمانا تایبەتی یەکەی ئەو یاسایەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان دایان دەنێت.

ئەوەی شایەنی باسە، یاسا بەمانا گشتییەکەی سنوورەکەی فراوانترە لەیاسا بەمانا تایبەتییەکەی چونکە یاسای دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە (تشريع) سەرچاوەیەکە لەسەرچاوە زۆرەکانی یاسا.

بۆیە هەموو یاسایەکی دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسا دانانەوە یاسایە بەڵام هەموو یاسایەك مەرج نیە لەلایەن دەسەڵاتی ناوبراوەوە دانرابێت.

بۆ نموونە بەپێی ماددەی یەك لە یاسا شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ سەرچاوەکانی یاسای عێراقی

– مەبەستمان یاسای بەرکاری عێراقییە– بریتین لە تەشریعو دابو بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلامیو بنچینەکانی دادپەروەریو بڕیارەکانی دادگاو بیروڕای یاسازانەکان.

کەواتە تەشریع سەرچاوەیە کە لەپاڵ چەندین سەرچاوەی تردا وەهەر

سەرچاوەیەکیش لەو سەرچاوانە یاسان بەڵام تەشریع نین هۆیەکەشی ئەوەیە کە تەنها بەو کۆمەڵە بنچینەیە دەوترێ تە شریع کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەندرێت.

دوای ئەوەی واتای یاسامان بەهەر دوو مانایەوە (گشتیو تایبەتی) روونکردەوە ئێستا پێویستە ئەگەر بەکورتیش بێت تیشك بخەینەسەر ئەسڵی ئەم زاراوەیەو بزانین لەچییەوەو لەکوێوە هاتۆتە ناو زمانی ئێمە زۆربەی وڵاتان ئەسڵی ئەم زاراوەیان بۆ زمانی خۆیان گەڕاندۆتەوە. بۆ نموونە جوولەکەکان دەڵێن ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی عیبری هەروەها فارسەکان بۆ زمانی فارسی دەگەڕێننەوە.

بەڵام زۆربەی یاسازانەکان لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە ئەم زاراوەیە ئەسڵەکەی ووشەیەکی لاتینییەو لەووشەی Kanon وەرگیراوە کە بەمانای بنچینەیان رێکخستن دێت.

شایانی باسە، فەرەنسییەکان وشەی Anonیان لێ داتاشیوەو مەبەستیان لەم ووشەیە ئەو بڕیارانە بوو کە کەنیسە دەری دەکردن هەروەها ئینگلیزەکان وشەی (Canon Law) یان لێی داتیشەوەو مەبەستیان لێی ئەو بڕیارانە بوو کە کەنیسە دەری دەکردن.

بەڵام لەنیشتمانی عەرەبیدا سەرەڕای هەندێ بیروڕای یاسا زانان کە ژمارەیەکی کەم پێك دێنن و دەڵێن ئەسڵی ئەم وشەیە عەرەبییە زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی بێگانەیەو لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هاتۆتە ناو وڵاتە عەرەبی یەکان.

عوسمانییەکان زاراوەی یاسایان بۆ هەر کۆمەڵە بنچینەیەکی یاسایی بەکار دەهێنا کە لەبوارێك لەبوارە جیاجیاکانەوە پەیوەندیە یاساییەکانی ناو کۆمەڵی رێك دەخست.

لەبەر ئەوەی لەفزی یاسا لەزمانی ئێمەدا دوو مانای هەیە بۆیە پێویستە لەیەکیان جیابکەینەوە تاوەکو تێکەڵی یەك نەبن.

لەراستیدا ئەم تێکەڵی‌یە لەزمانەکانی بێگانەدا ڕوو نادات چونکە بۆ هەر یەکێ: لە یاسا بەماناگشتی‌یەکەی‌و یاسا بەمانا تایبەتی‌یەکەی زاراوەیەکی تایبەتی‌یان داناوە، بۆ نموونە لەفەرەنسا زاراوەی (Droit) یان بەمەبەستی یاسا بەمانا گشتی‌یەکەی بەکارهێناوەو (Loi)یان بەمەبەستی یاسا بەمانا تایبەتی‌یەکەی بەکارهێناوە.

هەروەها لە ئینگلتەرا زاراوەی (Law)یان بەمانای یەکەمو (Legislation) یان بەمانای دووەم بەکارهێناوە بەڵام لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی (قانون) یان بەهەردوو مانا بەکارهێناوە هەروەها لەزمانی کوردیشدا زاراوەی یاسایان بۆ هەردوو مەبەست بەکارهێناوە.

شایەنی باسە، بەپێچەوانەی حاڵەتی سەرەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە زۆربەی زمانە بیانیەکاندا بە پێچەوانەی زمانی کوردی‌و عەرەبی جۆرە تێکەڵاویەکەیان لەنێوان واتای (یاسا)و (ماف) کردووە.

بۆ نموونە لەزمانی فەرەنسیدا (Droit) بۆ هەردوو چەمکی (یاسا)و (ماف) بەکاردەهێنێت.

بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی جیاوازیان بۆ هەرەیەکێك لەو دوو چەمکە بەکارهێناوە بۆ نموونە زاراوەی (Law)یان بۆ یاسا بەکارهێناوەو زاراوەی (Right) یان بۆ ماف بەکارهێناوە.

هەروەها لەزمانی عەرەبیشدا زاراوەی (القانون) یان بۆ یاسا بەکارهێناوەو زاراوەی (الحق)یشیان بۆ ماف ئەکارهێناوە.

ئەگەر سەرنجی زمانی کوردیش بدەین هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد دەبینین هەردوو زاراوەی (یاسا)و (ماف)مان وەك دوو زاراوەی سەربەخۆ بۆ هەردوو مەبەست بەکارهێناوە.

لەراستیدا، یاسا زانە فەرنسی‌یەکان ویستیان چارەسەری ئەم تێکەڵی‌یە بکەن ئەویش بە بەکارهێنانی وشەیەکی پاشکۆ بۆ زاراوەی (Droit) بۆ ئەوەی ئەو واتایەی

مەبەستە دیاریی بکەن، بۆ یە زاراوەی (Droitobjectif) یان بۆ مانای یاسا بەکارهێناو زاراوەی (Droitsubjectif) یشیان بۆ ماف بەکارهێنا.

دوای ئەوەی واتای یاسامان روو روونکردەوە ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە کە بنچینەی یاسایی لە بنچینەکانی تری کۆمەڵایەتی جیابکەینەوە.

هەروەکو لەپێشەوە وتمان زۆر کۆمەڵە بنچینەی کۆمەڵایەتی‌مان هەن کە رەوشتی مرۆڤ لەناو کۆمەڵ رێك دەخەن. ئەو کۆمەڵە بنچینانە ئایین یان بنچینەی موجامەلەن وەیان بنچینەی رەوشت یان بنچینەی دادپەروەرین.. هتد بۆیە لەخوارەوە لەچەند خاڵێکدا یەکە یەکە ئەو بنچینانە لەگەڵ بنچینەی یاسایی بەراورد دەکەین.

یەکەم بنچینەی یاسایی و بنچینەی ئایین.

بنچینەکانی ئایین بریتین لەو ئەحکامانەی کە خوای گەورە دایناون جا چی لەرێگای قورئانی پیرۆزەوە دایناب وەیان لەرێگای سونەتی پێغەمبەری خوا محەمەد کوری عەبدوڵلای کوری عەبدول موتەلەیب (د.خ) لەقسەو کردەوەو پەسند کردن.

بنچینەکانی ئایین دەکرێنە سێ بەش:

أ- بنچینەکانی خواپەرستی کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە خواوە رێك دەخەن.

ب- بنچینەکانی رەوشت کەپەیوەندی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە رێك دەخەن.

ج- بنچینەکانی مامەڵە کەپەیوەندی نێوان مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤی تردا رێك دەخات.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، بنچینە کانی مامەڵەیە کە لەچەند لایەنێکەوە جیاوازن لە بنچینەکانی یاسایی هەروەکو لە خوارەوە دەیبینین:_

أ- لەرووی سەرچاوەوە:

سەرچاوەی بنچینەکانی ئایین ئاسمانە هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد دانراوی خوای گەورەیە، بەڵام بنچینەکانی یاسایی سەرچاوەکەیان دانراوی سەر

دونیایە واتە یاسادانەر دایان دەنێت وەیان بڕیاریان لەسەر دەدات و هێزیان پێ دەبەخشێ.

٢- لەڕووی سزاوە واتە: ڕۆژی زیندوبوونەوە بۆ نمونە خوای گەورە

بنچینەکانی ئایین لکاون بە سزایەکی دوو فاقیانە (مزدوج) کە بریتییە لەسزایەکی سەردونیاو یەکێکی تری دوا ڕۆژ لەسورەتی النور لەئایەتی (٤) دەفەرموێ: (وە کەسانێ کە تۆمەتی زینا دەخەنە پاڵ ژنانی داوێن، پاك و لەپاشان چوار شایەد بۆ قسەی خۆیان ناهێنن هەشتا داریان لێ بدەن و ئیتر قەت شایەدیان لێ قەبووڵ مەکەن و ئەوانە فاسقن).

هەروەها دەشزانین بەپێی ئەحکامەکانی قورئانی پیرۆز فاسقان لەڕۆژی زیندووبوونەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخ و دەسوتێندرێن.

بەلاًم بنچینەکانی یاسا لکاون بە تاکە سزایەك کەئەویش سزای سەردونیایە و بەس، ئەو سزایەیە کەلەلایەن دەسەلاًتی گشتی تایبەتمەندەوە بەسەر سەرپێچی کەردا دەسەپێندرێ.

هەروەکو لەم بنچینە یاساییەی خوارەوە بۆمان دەرکەوێ.

ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ١٩٦٨ هەموار کراو: (ئەوەی یەکێ: بە ئەنقەست بکوژێت سزا دەدری بە بەندی نشینی هەمیشەیی یان کاتی).

دووەم: بنچینەکانی یاسا یی و بنچینەکانی موجامەلات:

بنچینەکانی موجاملات بریتین لەبنچینەکانی ڕەوشتی کۆمەلاًیەتی کە لەسەر بیرۆکەی موجامەلە دروست بوونە، وەك سلاًوکردن لەکاتی بەیەك گەیشتندا هەروەها نەشکاندنی بەلێن و بەشداری کردن لەخۆشی و ناخۆشی یەکتر.

بۆ نموونە ئەگەر یەکێك دراوسێکەی ناخۆشییەکی بەسەر داهات یان دووچاری کارەساتێك بوو بەپێی بنچینەکانی موجامەلات دەبێ دراوسێکانی دلی بدەنەوە و سەرەخۆشی لێ بکەن وە ئەگەر لەو ڕۆژەدا زەماوەند یان بۆنەیەکی لەو بابەتەیان

لەپێش بوو پێویستە دوای بخەن ئەگەر ئەمەیان نەکرد ئەوا بەسەرپێچی کردنی ئەو بنچینەیە دەژمێردرێ.

لەراستیدا ئەم بنچینانە بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێن هەروەها لەرووی سزاشەوە نەلکاون بەسزایەکی ماددی بەڵکو لکاون بەسزایەکی واتایی (معنوی) کە خۆی لەنارەزایی کۆمەڵ بەرجەستە دەکات جا چ تاکێکی کۆمەڵ نارەزایی دژی سەرپێچی کەرەکە پیشان بدات وەیان کۆمەڵ.

واتە نارەزایی دژ بەرەوشتی سەرپێچی کەرەکە پیشان دەدرێ.

ئەوەی شایەنی باسە، هەندی جار هەندێك لەو بنچینانە لەبنچینەی موجامەلاتەوە دەگۆڕێن بۆ بنچینەی یاسایی جا ئەوکاتە لەجیاتی سزایەکی واتایی بەسزایەکی ماددی دەلکێ و لەجیاتی کۆمەڵ بەگشتی یان تاکەکانی سزایەکە بەسەر سەرپێچی کەر بسەپێنێ، دەسەڵاتی گشتی ی تایبەتمەند دەیسەپێنێ.

بۆ نموونەن بەپێی بنچینەیەکی موجامەلات ئەگەر ئافرەتێك سواری پاسی هاتووچۆی گشتی بوو، ئەگەر کورسی بەتاڵ لەناو پاسەکە نەمابوو بۆ دانیشتنی ئەو ئافرەتە، دەبێ پیاوێك بۆی هەڵسێتەوەو کورسی‌یەکەی خۆی پێ ببەخشێ. ئەگەر ئەمەی نەکرد لۆمە دەکرێت و لەلایەن نەفەرەکانی ناو پاسەکەوە نارەزایی لەدژی رەوشتەکەی دەکرێت. بەڵام دەبینین لەهەندێ وڵاتان وەك ئێران ئەم بنچینەیە بۆتە بنچینەیەکی یاسایی و بەسزایەکی ماددی واتە یاسایی لکاوەو سەرپێچی کەریش لەلایەن دەسەڵاتی گشتی تایبەتمەندەوە سزا دەدرێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لەئێران بەشێکی کورسییەکانی ناو پاسەکانیان تەرخان کردووە بۆ دانیشتنی ئافرەتان بۆیە ئەگەر پیاوێك لەسەر ئەو کورسیانە دانیشێ و بۆ ئافرەتان هەڵنەستا بەپێی بنچینەی یاسایی بەسزایەکی ماددی (یاسایی) سزا دەدرێ.

سێیەم: بنچینەی یاسایی و بنچینەی رەوشت:

بنچینەی رەوشت ئەو بنچینانەن شتە چاکەکان و شتە خراپەکانمان لەناو

کۆمەڵدا بۆ دیاردەکەن لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا هەروەها ئەو بنچینانە بەسزایەکی واتاییەوە لکاون کەبریتییە لەلۆمەو ناڕەزایی کۆمەڵ.

زۆربەی بنچینەکانی ڕەوشت سەرچاوەکەیان ئایینە هەروەکو چۆن خوای گەورە لەئایەتی (٩٠) لەسورەتی (النحل) لەقورئانی پیرۆز دەفەرمووێ:(ان الله يأمركم بالعدل).

بۆ نموونە بەپێی بنچینەکانی ڕەوشت کوشتنی بەناهەق و ئازاردانی خەڵك و دزی و جوێن و تیرو توانج لەیەکتر گرتن قەدەغەیە. هەر بۆیە دەبینین زۆرجاران ئەو شتانەی بنچینەکانی ڕەوشت نەفرەتی لێ دەکەن و قەدەغەی دەکەن بنچینەکانی یاساش قەدەغەی دەکەن.

بەواتایەکی تر زۆربەی دەقە یاساییەکان لەوە زیاتر نین کە کۆمەڵێك بنچینەی ڕەوشتن.

هەروەها هەندێك بنچینەی یاسایی هەن دژی بنچینەکانی ڕەوشتن و لەگەڵی کۆك نین هەروەکو بنچینەکانی بەسەرچوونی دۆڕێنەر (التقادم المسقط)یان بەسەرچوونی وەدەست هێنەر (التقادم المكسب).

بەپێی بنچینەکانی بەسەرچوونی دۆڕێنەر خاوەن ماف لەداواکردنی مافەکەی بێ بەش دەبێ بەپێی یاسا بەپێچەوانەی بنچینەکانی ڕەوشت.

هەروەها بنچینەکانی ڕەوشت جیاوازن لەبنچینەکانی یاسا لەڕوانگەی سزاوە واتە بنچینەی ڕەوشت بەستراوەتەوە بەسزایەکی واتاییەوە کەبریتییە لە(تأنيب الضمير) ئازاردانی ویژدانی ئەو کەسەی کە سەرپێچی دەکات هەروەها لۆمەو ناڕەزایی کۆمەڵ بەرامبەری.

هەروەها لەڕووی ئەو دەسەڵاتەشەوە لێك جیاوازن کەتایبەتمەندە بەسەپاندنی ئەو سزایە.

هەروەکو بینیمان ئەو لایەنە ویژدانی خودی سەرپێچی کەرەکە خۆی بوو دوایی ئەو کۆمەڵەی کەتیایدا دەژیێت نەك دەسەڵاتی گشتی.

بۆ نموونە بەپێی بنچینەیەکی رەوشت نابێ مرۆڤ هیچ کەسێك بەبێ خەتا بکوژێ.

هەروەها بەپێی بنچینەیەکی یاساش لەیاسای سزادانی عێراقی تر ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموار کراو لەماددە (٤٨٥)دا هاتووە (هەر یەکێك ببێتە هۆی مراندن یان زامدار کردنی ئاژەل یان ولاغی یەکێکی سزادەدرێ بە بەندینشین بۆ ماوەیەك کە لەدەرۆژ زیاتر نەبێت یان بەغرامەیەك کەلەدەدینا زیاتر نەبێت) ئەگەر سەرنجی ئەم دوو بنچینەیە بدەین دەبینین لەبنچینەی یەکەمدا کەبنچینەیەکی رەوشتە بەستراوەتەوە بەسزایەکی واتایی و سەرپێچی کەر لەلایەن خودی خۆیەوە سزا دەدرێ بەئازاردانی ویژدانی خۆی هەروەها ئەگەر کۆمەڵیش پێی بزانێت ئەوا لەلایەن ئەوانیشەوە لەرێگای لۆمەو نارەزاییەوە سزا دەدرێ.

بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا بنچینە یاساییەکە بەسزایەکی ماددی بەستراوەتەوەو سەرپێچی کەرەکەش کەبکوژەکەیە لەلایەن دەسەڵاتی گشتییەوە سزا دەدرێ.

دوای ئەوەی بنچینەی یاساییمان لەگەڵ چەند بنچینەیەکی تری کۆمەڵایەتی بەراورد کرد با بزانین ئایا یاسا پێویستە بۆ کۆمەڵ یان نا؟ بەواتایەکی تر ئایا دەکرێ کۆمەڵ دەست بەرداری یاسا بێت یان نا؟

لەخوارەوە بەتیشك خستنە سەر ئەم لایەنە لەروانگەی چەندین یاسازانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە.

پێویستی یاسا:

ئایا یاسا پێویستە بۆ کۆمەڵ یان نا؟

ئەمە پرسیارێکەو هەریەکێك لەیاسازانەکان لەروانگەی خۆیەوە تێی دەروانێت بۆیە دوو بیروڕای جیاواز لەم بارەیەوە دروست بووە، هەندێکیان دەڵێن یاسا پێویست نییە بۆ کۆمەڵ بەڵام ئەوانی تر بەپێویستی دەزانن و دەڵێن کۆمەڵ لەهەر کوێیەك هەبێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یاسا دەبێت.

کۆمەڵەی یەکەم لەیاسا زانەکان کە لەسەرووی هەموویانەوە ئەفلاتون و مارکس دێن وای بۆ دەچن کەیاسا زەرووری نیە بۆ مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا. بۆیە ئەو یاسازان و فەیلەسوفانە بەهەموو شێوەیەك رەفزی یاسایان کرد. بۆ نموونە ئەفلاتوون لەکۆمارەکەی خۆیدا ئەقڵی بەرەگەزێك لەرەگەزەکانی دەوڵەت داناوی چا بۆیە دەڵێ ئەو کەسانەی دەسەڵاتی وڵات دەگرنە دەست تەمسیلی ئەقڵ دەکەن واتە ئاقڵن بۆیە نابێ دەستیان بەیاسا ببەسترێتەوە چونکە ئەو کەسانە ئاقڵن و لەبەڕێوەبردنی کارەکانیاندا هەڵە ناکەن بۆیە رەوا نی یە کۆت و تەگەرەیان لەبەردەم دروست بکرێ.

هەروەها پیاوانی ئایین لەرۆژهەڵات و رۆژئاوادا تا ماوەیەکی زۆر دژایەتی یاسایان کرد بەتایبەتی بێ لەمارکسیەت تاکو ئێستاش کەسانێکی زۆر هەن لایەنگرێتی ی فەوزا دەکەن بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە کەسایەتی و کۆمەڵایەتی یەکانی مرۆڤ.

شایەنی باسە، لەهەموو سەردەمێکدا بەسەردەمی ئێستاشەوە کەسانێك هەن هەموو دەم بێزاری لەدژی دەسەڵات دەردەبڕن. ئەو کەسانە لەرێگای خۆپیشاندان و مانگرتن تەعبیر لەو ناڕەزایی یەی خۆیان بەرامبەر یاساو نیزام دەکەن.

لەراستیدا، ئەو کەسانە بەوپەڕی دڵسۆزی یەوە لەدەوری بیرۆکەیەکی لێڵ کۆبوونەتەوەو وای بۆ دەچن کەبەخۆپیشاندان و بازو هەڵکردن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەنە مەرامەکانیان ژیانێکی ئاسوودەترو باشتر بەرەگەزی مرۆڤایەتی دەبەخشن.

ئا لێرەدا بیرۆکەی رێکخستنی فەوزا دروست بوو کەبەپێ ی ئەو بیرۆکەیە لەجیاتی سەرکوت کردنی فەوزەوی یەکان و دامرکاندنەوەی فەوزا دەبێ فەوزاکە بەپێ ی یاسا رێك بخسترێ.

لەراستیدا دیاردەی خۆپیشاندانی کرێکاران و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ و مانگرتنیان لەوڵاتە رۆژئاوایی یەکاندا درێژەپێدانی ئەم بۆچوونەن بەپێچەوانەی وڵاتانی رۆژهەڵات کەرێگای پێ نادرێت و سەرکوتیش دەکرێ.

داخستنی رێگا لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکان و پەرت و بڵاوبوونەوەی پیادە بەناو ئەو

ڕێگایانەدا فەوزایە بەڵام کاتێك بەڕێنمایی‌یەکی بەڕێوەبەرێتی‌ی هاتووچۆ ئەو ڕێگایە دادەخرێ‌و ڕێگا بەپیادەدەدرێ پیایدا بێن‌و بچن ڕێکخستنی ئەو فەوزایەیە.

ئەگەر ئەمە بیروڕای هەندێك یاسازان‌و فەیلەسووفان بێت دەبینین هەندێکی تریش هەن بەپێچەوانەی ئەوان یاسا بەپێویست دەزانن بۆیە وای بۆ دەچن کە لەهەر کوێ‌یەك کۆمەڵ هەبێت دەبێ یاساش هەبێت. لەسەرووی هەموویانەوە ئەرستۆی فەیلەسووف دێت، وای بۆ دەچێ کەمرۆڤ بەسروشتەکەی کۆمەڵایەتی‌یەوە ناتوانێ دوور لەکۆمەڵ بژیێت. هەر لەم بارەیەوە دەڵێ ئەو مرۆڤەی دوور لەکۆمەڵ بوونی بۆ هەبێ لەئاژەڵێك بەولاوە هیچی تر نیە. بۆیە ئەو چیرۆکەی سەبارەت بەرۆبیسن کرۆسۆ کراوە بەچیرۆکێکی خەیاڵی‌و میتافیزیقی دادەنێت.

شایەنی باسە، ئەفلاتوونیش لەقۆناغێکی تردا لەڕای خۆی پەشیمان بۆتەوەو یاسای بۆ کۆمەڵ بەشتێکی پێویست داناوەو زۆر بەڕاشکاوی‌یەوە لەکتابەکەی (دووەمیدا) کە دوای کۆمارەکەی بەچاپی گەیاندووە ئامارەی بەمە کردووە.

ئەم کۆمەڵەیە وای بۆ دەچن کەمرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە. واتە بەبێ کۆمەڵ هەڵناکات‌و ناتوانێ دوور لەکۆمەڵ بژیێت.

جا کەواتە مرۆڤ کەدێتە ناو کۆمەڵەوە بەحوکمی ئەوە بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵێك پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

وە لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر بەسروشت خۆویستە واتە خۆی خۆش دەوێ بۆیە هەردەم هەوڵی ئەوە دەدات بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی گشتی‌یەوە واتە پێش بەرژەوەندی کۆمەڵەوە.

کەوابوو گشت تاکەکانی کۆمەڵ بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی ئەوانی تر کەئەمەش خۆی لەخۆی‌دا دەبێتە هۆی بەگژیەکچوونی بەرژەوەندییەکان واتە لەئەنجامی دروست بوونی ئەو بەرژەوەندی‌یانەو خۆ خۆشویستنی مرۆڤ‌و تەفزیلکردنی بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانیان لەسەر حسێبی بەرژەوەندی ئەوانی تر دەبێتە هۆی بەرپا بوونی شەڕو پێك دادان.

هەر بەم بۆنەیەوە زانای ئینگلیز هۆبز Hobbes دەڵێ سروشتی مرۆڤ شەڕانگێزە واتە مرۆڤ بەسروشت شەڕانگێزەو مرۆڤی کۆن بەهۆی ئەم سروشتەیەوە لەزنجیرە شەڕێکی درێژخایەندا بووە بەڵام دوای پەیدابوونی یاساو رێکخستنی کۆمەڵ ئەم فەوزایە نەماوەو بۆتە کۆمەڵگایەکی شارستانی.

بۆیە هۆبز وای بۆ دەچێ ئەگەر یاسا لەکۆمەڵ بکێشینەوە دەبێتە فەوزاو هەر یەکێك لەتاکەکانی کۆمەڵ لەناو خەندەقی جەنگ دادەبێ بەرامبەر تاکەکانی تری کۆمەڵ. واتە جەنگی هەمووان دژی هەمووان وە لەم حاڵەتەدا هیچ یەکێك خاوەن ماف نابێت.

هەر بەم واتایە (برۆدۆن)ی فەیلەسووف دەڵێ:(تەواوی کۆمەڵ بەباشترین شێوەی لەو کاتەدا دەبێ کەفەوزاو نیزام یەك دەگرن).

هەروەها هیوم Hume لەم بارەیەوە دەڵێ: (کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەبێ یاساو حکومەت و سەرکوت کردن هیچ بوونێکی بۆ نەبووە، وە لێرەدا یاسا زەرووڕەتێکی سروشتی یە بۆ مرۆڤ).

هەر بەم بۆنەیەوە میکافیلی ئامۆژگاری ئەمیرەکان دەکات بۆ پەیمان شکاندن و دەڵێ:(ئەگەر هات و ئەو پەیمانە لەگەڵ بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانیان تەعاروزی کرد، لەبەرئەوەی مرۆڤ بەسروشت خراپن و بێ وەفان بۆیە پێویستە ئەمیرەکان هیچ رێزێکی وەفاداری یان بۆ نەنوێنن).

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەیاسا زۆر پێویستە بۆ رێکخستن و بەردەوامی کۆمەڵ بۆیە ئێمە چەند رێز لەیاسا بگرین هێندە لەشارستانیەت نزیك دەبینەوەو چەندیش لێی دوور بکەوینەوە هێندە کۆمەڵەکەمان ناتەواو دەبێت و بەرەو پاشاگەردانی هەنگاو دەنێین.

بۆیە ئەرستۆ وتوویەتی:(بوونی یاسایەکی زاڵم "ستەمکار" باشترە لەنەبوونی یاسایەك) چونکە ئەگەر بەیاسایەکی زاڵم هەندێ لەمافەکانمان لەدەست بدەین بەنەبوونی یاسا خاوەنی هیچ مافێك نابین.

هەر لەم بارەیەوە کاك مەسعود بارزانی سەبارەت بەسەقامگیر بوونی یاسا دەڵێ:(لەکوردستان نابێ هیچ کەسێك لەیاسا بەرزتر بێ) هەر بەم واتایەش سەرۆکی ئێستای لوبنان لەحود لەکاتی سوێندخواردنی دەستوریدا لەبەردەم پەرلەمانی لوبنانیدا وتی:(من دەچمە ژێرەوەی یاسا تاوەکو لەلوبنان کەسێك نەبێت بچێتە سەرەوەی یاسا).

پێناسەی بنچینەی یاسایی:

بنچینەی یاسایی بنچینەیەکی رەوشتیی کۆمەڵایەتی گشتیی و موجەرەدە، پەیوەندییەکانی نێوان کەسان لەنێو کۆمەڵ رێك دەخات، سزایەکی ماددی لەگەڵدایە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەیسەپێنێ.

سیفاتەکانی بنچینەی یاسایی:

١- بنچینەی یاسایی بنچینەیەکی رێکخەری رەوشتی کۆمەڵایەتییە.

مەبەستمان لەم خاسیەتە ئەوەیە، کەبنچینەی یاسایی ئەرکە سەرەکییەکەی ئەوەیە کەبایەخ بەرەوشتی مرۆڤ دەدات لەنێوکۆمەڵداو رێکی دەخات. واتە ئەو رەوشتە بۆ مرۆڤ دیاردەکات کەدەبێ وابێ نەك وەکو وایە.٢- بنچینەی یاسایی پەیوەندی لەنێوان کەسان رێك دەخات:

هەروەها بنچینەی یاسایی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ رێك دەخات نەك مرۆڤ و ئاژەڵ وەیان مرۆڤ و بێ گیانێك.

ئەو بنچینەیەی دەڵێ:(هەر دەست درێژییەك زیانێکی تر بێ لەو زیانانەی لەماددەکانی پێشوو ناویان هاتووە بگەیەنێت بەغەیر دەبێ قەرەبووی بکرێت)[1] بنچینەیەکی یاساییە چونکە پەیوەندی لەنێوان کەساندا رێك دەخات بەڵام سەرەای

---

١ - ماددەی (٢٠٤) لەیاسای شارستانی عێراق ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٥٦

ئەوەش هەندێك بنچینەی یاساییمان هەن ئەگەر تەماشای بکەین بۆ یەکەم جار وا دێتە بەرچاومان کەپەیوەندی نێوان کەسێكو ئاژەڵێك رێك بخات کەچی لەراستیدا پەیوەندی لەنێوان کەساندا رێك دەخات.

هەروەکو ئەو بنچینەیەی کەراوی ماسی لەوەرزی زاوزێ قەدەغە دەکات وەیان ئەو بنچینەیەی کەراوی جۆرە ئاژەڵێك لەکوردستان قەدەغە دەکات.

ئەگەر سەرنجی ئەم دوو بنچینەیەی سەرەوە بدەین لەسەرەتا وا هەست دەکەین کەلایەنێکی ئەو پەیوەندی‌یە مرۆڤ بێت کەخۆی لەراوکەردا دەبینێتەوەو لایەنەکەی تریش ئاژەڵ بێت. بەلام لەراستیدا وانی‌یە بەڵکو هەردوو لایەنی پەیوەندی‌یەکە مرۆڤە. چونکە کەسانێك هەن ژیانیان لەسەر بەرهەمی ماسی‌یە بۆیە کاتێك یاسا راوەماسی لەوەرزی زاوزێدا قەدەغە دەکات مەبەستی لەوەدا پاراستنی سامانی ماسی‌و پاراستنی مافی کەسانی ترە بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەژیانیان لەسەر ئەو جۆرە زیندەوەرەیە. هەروەها لەحاڵەتی دووەمدا راوکردنی ئە وجۆرە ئاژەڵە لەلایەن راوکەرانەوە دەبێتە مایەی خەمو پەژارەو ئازارێکی دەروونی بۆ کەسانێکی تر کەئەم جۆرە ئاژەڵەیان لەلا زۆر خۆشەویستەو بەقربوونی خەم دەخۆن. کەواتە کاتێك یاسا ئەم راوە قەدەغە دەکات مەبەستی رێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤو مرۆڤە نەك مرۆڤو ئاژەڵ.

شایەنی باسە، هەروەکو لەسەرەوەش باسمان کرد بنچینەی یاسایی هەرگیز پەیوەندی‌یەکانی نێوان کەسان لەنێو کۆمەڵدا رێك دەخات نەك لەدەرەوەی کۆمەڵ.

یاسا ئیشی بەکەسێك نیە کەدوور بێت لەکۆمەڵ چونکە ئەو کەسەی لەدەرەوەی کۆمەڵ بێت دڕندەیە نەك مرۆڤ هەروەکو ئەرستۆ دەڵێ.

٢- بنچینەی یاسایی بنچینەیەکی گشتی‌و موجەرەدە:

ئەم سیفەتە کاتێك لەبنچینەی یاسایی دێتەدی ئەگەر هاتوو بنچینەکە وتارەکەی ئاراستەی کەسان بکات بەبێ ئەوەی مەبەستی خودی کەسێکی دیاری کراو بێت

هەروەها چارەسەری رووداوەكان بكات بەبێ ئەوەی مەبەستی رووداوێكی دیاری كراو بێت.

ئەم فەرمانە زۆر پێویستە بۆ بەدیهێنانی رێكخستنو سەقامگیربوونو یەكسانی لەناو كۆمەڵداو یەكسانیش لەبەردەم یاسا لەنێوان خەڵكاندا دێنێتەدی.

بنچینەی یاسایی ئەو كاتە بنچینەیەكی گشتی دەبێت كەلەسەر گشت تاكەكانی كۆمەڵ بچەسپێت وەكو ئەو بنچینەیەی كە بە بەندینشین سزای دز دەدات.

گشتێتی بنچینەی یاسایی مانای ئەوە نی یە كەدەبێ حوكمەكەی گشت خەڵكی بگرێتەوە، چونكە عیبرەت بەژمارەی ئەو كەسانە نی یە كەبنچینەكەیان ئاراستە دەكرێت بەڵكو بەسیفەتی ئەو كەسانەیە كەدەیانگرێتەوە.

وا دەبێت بنچینەیەك گشتی بێت هەرچەندە چەسپاندنەكەی تەنیا هەندێك كەس بگرێتەوە یان هەندێك كردار بگرێتەوە كەئەو كردارانە بەكۆمەڵێك سیفات یان مەرج دیاری كرابن، بۆ نموونە وەكو یاسای پارێزەران یان یاسای سەندیكای پزیشكان یان سەندیكای رۆژنامەنووسان ئەگەر سەرنجی ئەو كۆمەڵە بنچینە یاساییانە بدەین دەبینین ئاراستەی هەندێك كەسانی ناو كۆمەڵ كراون نەك گشت تاكەكانی كۆمەڵ كەئەوانیش توێژی پارێزەرانو پزیشكانو رۆژنامەنووسانن، بەڵام كەئاراستەیان كراوە لەبەر خودی ئەو كەسانە نەبووە بەڵكو لەبەر ئەو سیفاتانەیانە كەهەیانە نەك لەبەر خودی خۆیان.

هەروەها ئەو یاسایەی كاری بازرگانی رێك دەخات بنچینەیەكی گشتی یە سەرەرای ئەوەی تەنیا لەسەر جۆرە كارێك دەچەسپێ نەك گشت كارێك چونكە ئەو كارانە بەكۆمەڵە سیفاتێك وەیان كۆمەڵە مەرجێك لەكارەكانی تر جیاكراونەتەوە.

هەروەها هەندێك جار وا رێك دەكەوێ بنچینەی یاسایی تەنیا لەسەر تاكە كەسێك دەچەسپێت سەرەرای ئەمەش بە بنچینەیەكی گشتی دەژمێردرێت ئەگەر هاتوو ئەو كەسە لەبەر سیفەتەكانی مەبەست بوو نەك لەبەر خودی خۆی هەروەكو ئەو بنچینە یاسایی یەی ماف و ئەركەكانو دەسەڵاتەكانی سەرۆكی وڵات دیار دەكات.

ئەوەی شایەنی باسە، ئەم بنچینەیە ریزپەڕ (استثناء)ێکی هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێك جار یاسایەك لەبەر خودی تاكە كەسێكدەردەچێت وەك ئەو یاسایەی مووچەیەكی هەمیشەیی بۆ تاكە كەسێكی دیاری كراو بەخود دەبڕێتەوە یان وا رێك دەكەوێت یاسایەك چارەسەری رووداوێكی دیاری كراو بكات وەك ئەو یاسایەی بۆ چارەسەری رووداوی لافاوێك لەكاتو شوێنێكی دیاری كراودا بكات.

٤- بنچینەی یاسایی لكاوە بەسزایەكی ماددی، دەسەڵاتی گشتی بە سەر سەرپێچی كەردا دەیسەپێنێ

لەڕاستیدا ئەم وەسفە بنچینەی یاسایی لەبنچینەكانی تر جیا دەكاتەوە كە تایبەتن بەدیاركردنی رەوشتی كۆمەڵایەتی.

وەكو بنچینەكانی ڕەوشتو بنچینەكانی موجامەلات.

دەسەڵاتی تایبەتمەند بەسەپاندنی سزای یاسایی

دەسەڵاتی دادگەری خاوەن دەسەڵاتە بۆ چەسپاندنی یاساو سەپاندنی سزای یاسایی بەڵام وەگو ریزپەڕ (استثناءاً) هەندێ كەس بەپێی یاسا بۆیان هەیە خۆیان سزا بەسەر نەیار (خصم)ی خۆیان بسەپێنن وەك حاڵەتی بەرگری لەخۆكردنی شەرعی هەروەها مافی گل دانەوە (الحق في الحبس). مەبەستمان گلدانەوەی شتە فرۆشراوەكەیە ئەگەر هاتوو كڕیارەكە نرخەكەی نەدا بوو هەروەها دەسەڵاتی راپەڕاندن (السلطة التنفيذية) بۆی هەیە بەپێی یاسا خۆی لەو حاڵەتانەی لەیاسادا هاتوون سزا بسەپێنێت.

جۆرەكانی سزا:

لەڕوو كاتی سەپاندنەوە، سزا دەكرێ بەسزای وقائیو سزای تەئدیب كردن.

هەروەها لەڕووی ناوەڕۆكەوە دەكرێتە سزای دیاری كراوو سزای دیاری نەكراو.

سزای دیاری کراو ئەو سزایەیە کە دیارکراوە. ئەو سزایەش یان سزایەکی تاوانە (جنائی)یان شارستانی (مدنی)یە وەیان تێکەڵاوە لەهەردوو جۆرەکە. واتە سزایەکی تاوانو لەهەمان کاتدا شارستانی‌یە.

* **سزای تاوان (الجزءالجنائی)** ئەو سزایەیە کە لەئەنجامی سەرپێچی کردنی یاسای سزا دروست دەبێتو شێوەی سزا (عقوبە) وەردەگرێت.

سزایەکەش یان سزایەکی ئەسڵی دەبێت وەکو سزای لەسێدارەدان یان بەندنشینی هەمیشەیی یان بەندنشینی کاتی یان حەپس وەیان غەرامە.

یان سزایەکی پاشکۆ دەبێت وەك سزای بێ بەش کردن لەمافە شارستانی‌یەکان یان بەدەست بەسەردا گرتنی کەرەستە (ادواة)ەکانی تاوان دەبێت.

* **سزای شارستانی:** ئەو سزایەیە کە لەئەنجامی سەرپێچی کردنی بنچینەیەکی یاسا بێ لەیاسای سزادان دروست دەبێتو شێوەی قەرەبوو (تعویض) یان پووچەڵکردنەوەی ڕێکەوتن (گرێبەند) وەیان ناچار کردنی قەرزار بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی وەردەگرێت.

* **سزای تاوانو شارستانی (سزای تێکەڵاو):**

واتە کۆبوونەوەی هەردوو سزاکان (سزای تاوانو سزای شارستانی) بەیەکەوە لەیەك سەرپێچی‌دا بۆ نموونە وەك ئەو تاوانەی کەدەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەکەسانێك.

سەرچاوەکانی یاسا:

مەبەستمان لەسەرچاوەی‌یاسا لەڕووی زمانەوانی‌یەوە ئەو سەرچاوەیەیە کەیاسا بنچینەکانی خۆی لێ وەردەگرێ. واتە هەموو ئەسڵێك کەبەشداری دروست بوونو هاتنە کایەوەی بنچینەی یاسایی دەکات.

ئەمانەی خوارەوە سەرچاوەکانی یاسان:

١- سەرچاوەی مێژوویی:

مەبەستمان ئەو ئەسڵەیە کەبنچینەکانی یاسای لێ گوێزراوەتەوە. بۆ نموونە داب و نەریت هەروەها یاسای ڕۆمانی دوو سەرچاوەی مێژوویین بۆ یاسای ناپلیۆن – یاسای شارستانی فەرەنسی– هەروەها یاسای ناپلیۆن سەرچاوەیەکی مێژوویییە بۆ یاسای شارستانی میسری وە ئەم یاسایەی دوایی لەتەك بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلامی دوو سەرچاوەی مێژووین بۆ یاسای شارستانی عیراقی.

شایەنی باسە، تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لەبەشی باکووری فەرەنسا کار بەبنچینەکانی داب (قواعد عرفیە) دەکرا وە لەبەشی باشوریشی کار بەیاسای ڕۆمانی دەکرا بەڵام لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ناپلیۆن بۆناپارت لەساڵی ١٨٠٤ یاسای شارستانی فەرەنسی دانا بەسوود وەرگرتن لەبنچینەکانی عورف و یاسای ڕۆمانی کە لە باکورو باشووری فەرەنسا کاری پێ دەکرا وەك دوو سەرچاوەی مێژوویی.

هەروەها زانای بەناوبانگ عبدالرزاق سەنهوری کاتێك پرۆژەی یاسای شارستانی میسری دانا سوودێکی زۆری لەیاسای شارستانی فەرەنسی وەرگرت وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی هەروەها هەمان یاسازان بۆ دانانی پرۆژەی یاسای شارستانی عیراقی گەڕاوەتەوە سەر یاسای شارستانی میسری لەپاڵ بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە(مجلە الاحکام) کە لەعیراق تا ئەوکاتە کاری پێ دەکرا وەك دوو سەرچاوەی مێژوویی.

هەروەها پاشای بابلی حامورابی بۆ دانانی یاسا بەناوبانگەکەی کەڵکێکی زۆری لەو داب و نەریتانە وەرگرت کە لەنێو بابلی باو بوو وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی.

شایەنی باسە، سەرچاوەی مێژوویی بایەخێکی گرینگی هەیە بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی بنچینەکانی یاسایی. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر هاتوو بنچینەیەك لەو بنچینە یاساییانە ڕوون و ئاشکرا نەبوون دەکرێ سوود لەسەرچاوە مێژووییەکەی وەربگیرێ بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەو لێڵییە.

٢- سەرچاوەی لێکدانەوەو شیکردنەوە (المصدر التفسيري):

مەبەست لەسەرچاوەکانی لێکدانەوەو شیکردنەوە ئەو لایەنانەیە کەپەیوەندیان پێوەدەکرێ بۆ روونکردنەوەو شیکردنەوەی بنچینەی یاسایی بۆ لابردنی لێڵی لەسەریدا.

بۆ نموونە ئێمە دوو لایەنی لێکدانەوەو شیکەرەوەمان بۆ بنچینەی یاسایی هەیە کە لایەنی یاسازانی (الفقه)و دادگەری (القضاء)ە، ئەوەی شایەنی باسە، بەپێی برگەی سێ لەماددەی یەك لەیاسای شارستانی عیراقی یاسازانیو دادگەری بەدوو سەرچاوەی سپیر داندراون بۆ یاسای عیراقی بەم پێیە ئەگەر دادوەر (القاضي) هەستی بەلێڵیی دەقێکی یاسایی کرد دەتوانێت سوود لەبیروڕای یاسازانانو ئەو بریارانە وەربگرێ کەدادگاکان لەوەوپێش دەریان کردوون وە بۆ ئەم مەبەستە مەرج نییە دادوەر تەنیا خۆی بەیاسازانیی نیشتمانی وەیان بریاری دادگاکانی ناوەخۆ ببەستێتەوە بەڵکو بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر هی ئەو وڵاتانەی دەرەوەش کەیاساکانیان لەیاساکانی عیراقی نزیکن بەمەبەستی روونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەحکامەکان.

بۆ نموونە بەپێی مادده (٣٠)ی یاسای چاپەمەنی عیراقی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ هەموار کراو هەروەها مادده (١١)ی یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عیراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ نابێ دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوە و بۆ چاپکراوی خوولەکیو لەکاتی دەستکردن بەدابەشکردن لەچاپکراوی ناخولەکیدا ئەو داوایانەی لەسەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایانەدا ببینرێت.

ئەگەر سەرنجی ئەم دەقە بدەین هەست بەلێڵییەك دەکەین ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو ماوەیەی کەدیارکراوە ماوەی بەسەرچوونە (مده التقادم) یان ماوەی سووتانە (مده سقوط)ە.

بۆیە بۆ لابردنی ئەو لێڵی یەو روونکردنەوەی ئەم بنچینە یاسایی یە دەکرێ دادوەر بگەڕێتەوە سەر بیروڕای یاسازانان وەیان بڕیارەکانی دادگا بۆیە دەکری سوود لەبیروڕای یاسازان عبدالرزاق سەنهوری وەربگیرێ سەبارەت بەلێک جیاکردنەوەی ماوەی بەسەرچوونو ماوەی سووتان لە (الوسیط) بەرگی سێیەم بڕگەی ٥٩٤ هەروەها بیروڕای عەبدول مەجید ئەلحەکیم لەکتابەکەی (احکام الالتزام) بەشی دووەم لاپەرە (٣٢٤)دا.

وەیان بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە تەکییفی قانوونی ئەم ماوەیە.

٢- سەرچاوەی ماددی- بابەتی (الموضوعی):

بریتی یە لەو کۆمەڵە ئەسڵو هۆکارە واقعیو هزری یانەی کەبەشداری دەکەن لەدروستکردنو هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی.

ئەسڵو هۆکارە واقعی یەکان:

ئەو ئەسڵو هۆکارە واقعی یانە ئەوانەن کە دەگەڕێنەوە بۆ خودی مرۆڤ یان ئەو ناوەندە (وسط) سروشتی یەی کەچواردەورەی داوە، هەروەها ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی یەی کەتیایدا دەژییێت، کەواتە هەندێك جار وادەبێت مرۆڤ کاریگەر دەبێت بەسەر دروست بوونو هێنانە کایەوەی بنچینەی یاسایی

بۆ نموونە پیاو بەسروشت بازوویان بەهێزترە لەئافرەتو هەروەها لەوان زیاتر توانای بەرگری لەخۆکردنو دابین کردنی رسقیان هەیە.

پیاو وەکو کاریگەرێکی واقیعی بەشداری کردووە لەهێنانەکایەوەو دروست کردنی بنچینەیەکی یاسایی ئایینی کە خوای گەورە لەسورەتی تەلاق ئایەتی (٦) دەفەرموێ: (الرجال قوامون علی النساء) واتە پیاوان کارسازو سەرپەرشتی ژنانن.

هەر ئەم سروشتەی پیاوەش وای کردووە بنچینەیەکی یاسایی لەیاسای باری کەسی عیراقی دروست بێت کە دەڵێ: (نفقة کل انسان فی مالە الا الزوجة فنفقتها

على زوجها) واته بژێوی هەر مرۆڤێك لەسەر خۆیەتی تەنیا بژێوی ژن لەسەر مێردەکەیەتی.

هەر بەم مانایەش بنچینەیەکی یاسایی ئایینیمان هەیە خوای گەورە لەسورەتی تەلاق ئایەتی (٦) دەفەرموێ: (اسکنوهن من حیث سکنتم و وجدکم) واتە لەهەر کوێ یەك خۆتان دەژین بەئەندازەی توانای خۆتان جێ و ژیانیان بدەنێ.

هەروەها هۆکارەکانی سروشت کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ دروستکردن و هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی. بۆ نموونە زاناکان ئەوەیان روونکردۆتەوە کە هۆکاری ئاوو هەوا کاریگەری هەیە بەسەر لێهاتن (اهلیە)ی مرۆڤەوە بۆیە ئەحکامەکانی لێهاتن لەولاتێکەوە بۆ ولاتێ:ی تر جیاوازە بۆ نمونە بەپێی ماددە (١٠٦)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ سالی ١٩٥١ تەمەنی پێگەیشتن (سن الرشد) بە هەژدەسالێ تەواو دیاری کراوە کەچی لەهەندێ ولاتی تردا ئەم تەمەنە بەزیاتر یان کەمتر لەوە دیاری کراوە.

هەروەکو لەسەرەوە وتمان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوو هەواو وەك هۆکارێکی سروشتی کەجێ‌ی گومان نییە ئاوو هەوتا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێك دەگۆڕێ هەر بۆیە تەسەور ناکرێ مرۆڤ لەتەمەنێکی دیاری کراودا لەهەر کوێ‌یەك بێت لێهاتوو بێت هەر ئەمەش وای کردووە ئەحکامەکانی لێهاتن (اهلیە) لەولاتێکەوە بۆ ولاتێ:ی تر جیاواز بێت.

هەروەها هۆکاری ناوەندی کۆمەلایەتی کاریگەریەکی زۆری بەسەر دروست بوون و هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی هەیە بۆ نموونە لەو شوێنانەی کە بەپێی داب و نەریتیان فرە ژن هێنان باوە دەبینین یاساکانی ئەو ولاتە رێگا بە فرە ژن هێنانی دەدات وە لەو شوێنانەش کە ئەم داب و نەریتە نییە بەلکو هێنانی ژنێك باوە ئەوا یاساکان ئەحکامەکانیان پێچەوانەی ئەوانەی پێشتر دەبێ.

بۆ نموونە یاسای باری کەسی‌ی عیراقی ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ هەموارکراو لەماددە (٣) برگەی (٤)دا رێگای داوە بە هێنانی زیاتر لەژنێك بەلام دوای وەرگرتنی

ڕەزامەندی دادگا بەم بۆنەیە دەڵی: (نابێت بەبێ ڕێگەدانی دادوەر، لە ژنێك زیاتر بهێندرێت)

بەپێچەوانەی ئەمە لەیاساکانی هەندێك وڵات بەهیچ جۆرێك ڕێگا نادرێ بەهێنانی زیاتر لەژنێك کە هۆی جیاوازی نێوان ئەو ئەحکامانەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ناوەندی کۆمەڵایەتی هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

شایەنی باسە، قورئانی پیرۆز بڕیاری لەسەرهێنانی زیاتر لەژنێك داوە هەروەکو خوای گەورە لەسورەتی (نساء) لەئایەتی (٣) دەفەرمووێ:(فانكحوا ماطب لكم من النساء مثنى وثلاث وربـاع)، واتە دووان یان سێیان یان چوار ژن مارەی بۆ خۆتان ببڕن.

ئەسڵ و هۆکارەکانی هزری:

ئەو ئەسڵ و هۆکارە هزریانەی کەبەشداری دەکەن لەدروست کردن و هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی ئەسڵ و هۆکاری سیاسی و ئابووری و ڕەوشتی.

هۆکاری سیاسیی کاریگەری کی زۆری بەسەر یاساوە هەیە چونکە بنچینەی یاسایی تەعبیر لەئەیدیۆلۆژیای دەسەڵاتی حوکمڕان دەکات بۆیە بنچینەکانی یاسایی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك بەپێی ئەیدیۆلۆژیای دەسەڵاتی حوکمڕانانی ئەو وڵاتانە دەگۆڕێ.

هەروەها هۆکاری ئابووری دەبێت هۆی دروست بوون و هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی چونکە بنچینەی یاسایی لە هیچ وڵاتێکدا دوور لەهۆکاری ئابووری دروست نابێت بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کەخاوەنی سیاسەتێکی ئابووری ئازادن لەڕێگای یاساکانیانەوە ئەوپەڕی ئازادی بەبازرگانەکان ئەدەن و تەعبیر لەو ووتەیە دەکەن کەدەڵێ:(لێی گەڕێ با بڕوا... لێی گەڕێ با کار بکات).

بەڵام ئەو وڵاتانەی کەخاوەنی سیاسەتێکی ئابووریی ئاراستەکراون (الاقتصاد الموجه) ئەو سیاسەتە ئابوورییە لەنێو یاساکانی ئەو وڵاتەدا تیشك دەداتەوە چونکە

یاسا تیشك دانەوەی ئەو هزرو بەرژەوەندییە ئابووریانەیە کە لەناو کۆمەڵدا هەیە بۆیە دەبینین لەو وڵاتانەدا بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشوو لەڕێگای یاساوە دەوڵەت دەست لەگشت وەیان زۆربەی بوارە جیاجیاکانی چالاکی ئابووری وەردەدات. بۆیە دەبینین لەو وڵاتانەی کەبەرەو سۆسیالیزم هەنگاو دەنێن لەرێگای یاساوە هەندێگ کۆت خراوەتە سەر مافی مولکداریتیو ئەو مافە بەفەرمانێکی کۆمەڵایەتی داندراوە نەك مافێکی رەها هەروەکو لەبرگەی (أ) لەمادده (١٦)ی دەستووری عیراقی ساڵی ١٩٧٠ هاتووە.

ئەسڵ و هۆکاری رەوشت:

ئەوەی شایەنی باسە، زۆربەی بنچینەکانی رەوشت رەگیان دەگەڕێتەوە بۆ ئایین هەروەها ئەو بنچینانەش –بنچینەکانی رەوشت– بەدەوری خۆیان هۆکارێکی کاریگەرن بۆ هێنانەکایەوەو دروستکردنی بنچینەی یاسایی. بۆ نموونە بەپێی بنچینەکانی رەوشت درۆکردن و کوشتن و ئازاردانی خەڵك و دزی و راوو رووتی و زیان پێ گەیاندن و بەڵێن شکاندن نەفرەتیان لێ کراوەو کاری خراپن.

دەبینین ئەم بنچینانەی رەوشت بەشداریان کردووە لەدروستکردن و هێنانەکایەوەی بنچینەی یاسایی.

بۆ نموونە بەپێی مادده (٢٠٢)ی یاسای شارستانی عیراقی ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٥١ هەر کردەوەیەکی زیانبەخش بەنەفس چ کوشتن یان زامدار بوون یان لێدان وەیان هەر جۆرێکی تری ئەزیەتدان بێت دەبێتە هۆی زۆر لێکردنی لەو کەسەی زیانەکەی کردووە قەرەبووی ئەو زیانە بکات.

لەم بنچینە یاسایییەی سەرەوەدا کاریگەرێتیی هۆکاری رەوشتمان لەسەر بنچینەی یاسایی بۆ دەردەکەوێت.

ئەوەی شایەنیباسە، بێ لەو هۆکارانەی سەرەوە گەلێك هۆکاری تریش هەن کە کاردەکەنە سەر دروست بوون و هاتنە کایەوەی بنچینەی یاسایی وەك هۆکاری ئایین و موجامەلە.

سەرچاوەكانی یاسای عیراقی:

بەپێی مادده (١)ی یاسایی شارستانی عیراقی سەرچاوەكانی یاسای عیراقی بریتین لەدوو كۆمەڵە. كۆمەڵەی یەكەم سەرچاوە سەرەكی‌یەكان پێك دەهێنن كە پێك دێن لە(تەشریعو، داب، بنچینەكانی شەریعەتی ئیسلام بێ گوێ دانە مەزهەبێكی دیاری كراو، هەروەها بنچینەكانی دادپەروەری).

كۆمەڵەی دووەمیش سەرچاوە ناسەرەكی‌یەكان پێك دەهێنن بریتین لەئەحكامەكانی دادگاو یاسازانی عیراقی‌و دواتریش یاسازانی ئەو وڵاتانەی كەیاساكانیان لەیاسای عیراقی نزیكە. كەواتە بەپێی بەرزی‌و نزمی پلەیانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ریزیان دەكەین:

١- تەشریع.

٢- داب(عورف).

٣- بنچینەكانی شەریعەتی ئیسلامی.

٤- بنچینەكانی دادپەروەری.

٥- ئەحكامەكانی دادگا.

٦- یاسازانی (الفقه).

شایەنی باسە، دادوەر استثناء دەكرێ لەتۆبزی لێكردن بۆ پەنابردنە بەر بێ لەتەشریع بۆ رووداوە سزایی‌یەكان هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ برگەی (ب) لەماددەی (٢٧)ی دەستووری عیراقی تەمموزی ١٩٧٠ كە دەڵێ:(هیچ تاوانێك‌و هیچ سزایەك نی‌یە تەنیا بەپێی یاسا نەبێت..).

ئەو سەرچاوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان دەكرێن بەدوو كۆمەڵەی سەرەكی‌و ناسەرەكی هەروەكو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی كرد.

چوار سەرچاوەکەی یەکەم سەرەکین و دوانەکەی دواییش ناسەرەکین. لەخوارەوە لەدوو خاڵدا باس لەو سەرچاوانە دەکەین.

لـەخاڵی یەکـەم تیشـك دەخەینــە سـەر سـەرچاوە سـەرەکی‌یەکان و لـەخاڵی دووەمیشدا سەرچاوە ناسەرەکی‌یەکان.

یەکەم: سەرچاوە سەرەکی‌یەکانی یاسای عیراقی:

١- تەشریع:

ئەو کۆمەڵە بنچینە یاسایی‌یانەیە کەدەسەڵاتێکی تایبەتمەند دەری کردوون.

تەشریعاتە جیاجیاکـان وەکـو یـەك نـین لـەڕووی بـەهێزی و لاوازی‌یـەوە بـەپێی جیاوازیان لەڕووی جۆری ئەو بابەتانەی چارەسەریان دەکەن وە بەپێی جۆری ئەو دەسەڵاتەی کەهەڵدەستێ بەدەرکردنیان بەپێی ئەمە تەشریعی بنەڕەتی (دەستوور) لەسەرووی هەموویانەوە دێت، دوای ئەویش تەشریعی ئاسایی (یاساو ئەو بڕیارانەی هـێزی یاسـایان هەیـە) دێـت، لـەدوای هەمووشـیان لقـەکانی تەشـریع (ئەنزیمـەو ڕێنمایی و پەیڕەوی ناوخۆ) دێت.

خاسیەتەکانی تەشریع:

١- تەشریع بنچینە یاسایی‌یەکان دەگرێتە خۆ، کەواتە دەبێ گشت خاسیەتەکانی بنچینەی یاساییان تیا بێت کەلەوەو پێش باسمان کردن.

٢- تەشریع لەشێوەیەکی نووسراو دەردەکەوێت.

لێرەدا جیاوازە لەگەڵ بنچینەکانی تری ڕێکخستنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی کەمەرج نیە بەشێوەیەکی نووسراو بێت.

٣- تەشریع لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندەوە دەردەچێت. وەئەم دەسـەڵاتەش ڕەنگە دەستەیەکی هەڵبژێردراو بێت وەك ئەنجوومـەنی یاسـادانان یـان هەڵنـەبژێردراو بێت وەك ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

ئەوەی شایەنی باسە، وەك بنچینە ئەنجومەنی یاسادانان دەسەلاتی تایبەتمەندە بەدانانی یاسا، دەسەلاتی جێبەجێ کردنیش تایبەتە بەدەرکردنی ئەنزیمەوە رێنمایی یەکان هەروەها دەستەیەکی هەلبژێردراو یان هەڵنەبژێردراو تایبەتمەند دەبێت بەدانانی دەستوور یان گەل هەڵدەستێ بەدەرکردنی لەرێگای ریفراندۆم (استفتاء)ەوە.

بایەخی تەشریع:

هۆیەکانی بایەخ پێدان بەتەشریع دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١- زۆری لایەنە چاکەکانی و کەمی لایەنی خراپەکانی.

٢- بەوەسیلەیەکی گرینگ دەژمێردرێ بەدەست دەسەلات دارانەوە بۆ سەپاندنی ویستو ئارەزووی خۆیان بەسەر زۆرینەی خەڵك هەروەها زامنی ئیحتکاری دەسەلاتەکان بەدەست دەسەلاتداران لەناو دەولەت دەکات.

٣- لەگەڵ سیستمی دیموکراسی یەت دەگونجێ، ئەو سیستەمەی باوەڕی بەسەروەری گەل هەیە دوابەدوای سەرهەڵدانی دەستەی تایبەتمەند بەدەرکردنی یاسا کەلەرێگای ویستو ئارەزووی گەلەوە دروست دەبن.

٤- وەسیلەیەکی گرینگە بۆ بڕیاردانی مافو ئازادی یەکانی تاکەکانی کۆمەڵو پاراستنیان.

٥- دەگونجێ لەگەڵ بیروباوەڕی سۆسیالیزم لەدەست تێوەردانی دەولەت لەرێکخستنی کاروباری خەڵك.

٦- لەگەڵ خێرایی پێشکەوتنی کۆمەل دەگونجێ بەمەبەستی رووبەڕوو بوونەوەی ئەو پێشکەوتنە بە پەنابردنە بەر تەشریع بەدانانی هەندێك بنچینە بۆ رێکخستنیان.

٧- وەسیلەیەکە بۆ یەکگرتنەوەی یاساکان لەدەولەتدا.

بۆ نموونە، تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەمین بەر لەدەرچوونی یاسای شارستانی فەرەنسی لەسالی ١٨٠٤ لەلایەن ناپلیۆن بۆناپارتەوە کە هەر بەناوی ئەویشەوە

ناسراوە، لەباکوری فەرەنسا کار بەبنچینەکانی داب (عورف) دەکرا وە لەبەشی باشوریشدا کار بەیاسای رۆمانی دەکرا. بەلام دوای دەرچوونی ئەم یاسایە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمینەوە بووە هۆی یەکگرتنی ئەو بنچینە یاساییانەو تەنیا کار بەیاسای ناپلیۆن دەکرا.

٨- دەبێتە هۆی یەکگرتوویی رامیاریی وڵات. هەمان نموونەی سەرەوە، فەرەنسا دوای دەرچوونی یاسای ناپلیۆن بووە خاوەنی یەکگرتوویی رامیاری خۆی.

٩- هۆکارێکە (کەرەستەیەکە) بۆ چاکردنەوەی کۆمەڵو بەرەو پێشەوە بردنی.

جۆرەکانی تەشریع:

یەکەم: تەشریعی سەرەکی (دەستور):

مەبەستمان لەدەستوور ئەو یاسایە سەرەکی‌یەیە کە ئەو بنەمایانە دادەنێ کە دەوڵەتی لەسەر دادەمەزرێ. دەستوور جۆری نیزامی سیاسی دەوڵەت دیاردەکات هەروەها شێوەی حکومەتەکەی وەپەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتی‌یەکانی هەروەها دەسەڵاتەکانیانو مافو ئەرکەکانیان. هەروەها مافو ئازادی‌یە گشتی‌یەکانو ئەرکەکانی تاکەکانی کۆمەڵ دیار دەکات.

بەم شێوەیە بەیاسایەکی سەرەکی دادەندرێتو باڵ بەسەر نیزامی کۆمەڵ دادەکێشێو لەهەموو جۆرەکانی تری تەشریع بایەخی زیاترە.

وە هۆی ئەم بایەخەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کەدەستوور دەردەکات جیایە لەو دەسەڵاتانەی کەجۆرەکانی تری تەشریع دەردەکات، هەروەها بەهەمان شێوەی ئەو تەشریعاتانە هەموار ناکرێ هەروەها نابێت هیچ تەشریعێکی تر دەربکرێت سەرپێچی حوکمێك لەو حوکمانە بکات کەتیایدا هاتووە.

دووەم: تەشریعی ئاسایی (یاساو ئەو بریارانەی هێزی یاسایان هەیە).

ئەو بنچینە یاساییانەن کەدەسەڵاتێکی تایبەتمەند لەچوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی‌دا کە لەدەستوور دیاری کراوە دەری دەکات.

شایەنی باسە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی برگەی (أ) لەماددەی (٤٢) لەدەستووری عیراقی بۆی هەیە یاسا هەروەها ئەو بڕیارانەی کەهێزی یاساییان هەیە دەربکات.

سێیەم: لقی تەشریع (ئەنزیمەو ڕێنمایی و پەیڕەوی ناوخۆ):

ئەو بنچینە یاساییانەن کەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن (ڕاپەڕاندن) بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی تەشریعی ئاسایی یان بۆ ڕێکخستنی دەزگا گشتییەکان یان بۆ پاراستنی ئاسایش و ڕێکخستنی هاتووچۆ.

بەکاربوونی بوونی یاسا (نفاذ التشریع):

هەروەکو لەپێناسەی یاسا بۆمان دەردەکەوێ لەو کاتەوە یاسا دەبێ کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دادەندرێ، کەئەم دەسەڵاتە تایبەتمەندەش وەك بنچینە دەسەڵاتی یاسادانانە بەڵام هەندێك جار دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنیش بەم كارە هەڵدەستێ وەك حاڵەتێکی استثناء هەروەکو لەوەو پێش باسمان کرد ئەم دەسەڵاتە لەماوەی پشووی ئەنجومەنی یاسادانان وەیان لەکاتی هەڵوەشاندنەوەیدا هەندێ یاسای پێویست دەردەکات بۆ پڕگردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی هەن هەروەها هەڵیش دەستێ بەدەرکردنی هەندێ یاسای نابنەڕەتی (عادی) (ئاسایی) وەك ڕێنمایی و نیزام و پەیڕەوی ناوخۆ.

کەواتە هەر کۆمەڵەیەك لەو بنچینە یاساییانە کە لەلایەن یەکێك لەو دوو دەسەڵاتە (ئەنجومەنە) تایبەتمەندانەوە دەردەچن لەکاتی دانانیانەوە پێیان دەووترێت یاسا.

بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە یاسا لەو ساتەوە دەبێ کاری پێ بکرێت و بچەسپێت، بەڵکو دەبێ یاسا بەدوو قۆناغی تردا بڕوات تاوەکو کاری پێ بکرێت و بچەسپێت ئەوانیش قۆناغی مۆرکردن (اصدار)ی یاساو بڵاوکردنەوەی (نشر)ی یاسایە.

لەراستیدا ئەم کرداره (واتە کرداری دەرکردنو بلاوکردنەوەی یاسا) لەگەڵ تیوری لێك جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان (الفصل بین السلطات) دەگونجێ. ئەو تیوری‌یەی لەلایەن یاسازانی فەرەنسی مۆنتیسکیو داندراوە کە دەڵێ هەرسێ دەسەلاتە گشتی یەکان ولات دەبێ لێك جیابنو دەست لە ئیشو کاری یەکتری وەرنەدەن.

مەبەستی ئەم تیوری‌یە ئەوەیە کە دەسەلاتەکان لەلایەن تاکە کەسێك وەیان دەسەلا تێکەوە دەستیان بەسەردا نەگیرێو دیکتاتۆریەت دروست نەبێ.

بۆیە لەجیاتی دەست تێوەردان جۆرە پەیوەندی‌یەك لەنێوان ئەو دەسەلاتانەوە دەبێ وەك چاودێری کردنی ئیشو کاری یەکتری.

جا بەپێی ئەم تیۆری‌یە دەسە لاتی یاسادانان (السلطة التشریعیه) بۆی نیە تۆبزی لە ئەندامانی دەسە لا تی جێ بەجێ کردن

(السلطة التنفیذیة) بکات بۆ ئەوەی کار بەو یاسایانە بکەن کە دەسەلاتی یاسادانان دایان ناوە. بەڵکو دەبی سەرۆکی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن هەڵستێ بەداواکردنو تۆبزی کردن لەئەندامانی ئەنجومەنکەی بۆ کارکردن بەیاسا ئەمیش لەرێگای مۆرکردنی یاساوە دەبێ. واتە ئەو یاسایەی کە لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە ئامادەکراوەو دەنگی لەسەر دراوە دەنێردرێتە لای سەرۆکی ئەنجوونی جێ جێکردن (راپەڕاندن)ەوە بۆ ئەوەی مۆری بکات.

بەلام ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی یاسا کاری پێ بکرێ بەڵکو دەبێ ئەحکامەکانی یاسا بگەیەندرێنە بەرچاوو گوێی هاوولاتیان تاوەکو ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی بن کەئەمەش لەرێگای بلاوکردنەوەی یاساوە ئەنجام دەدرێت.

سەبارەت بەزەرورەتی بلاوکردنەوەی یاسا خودای گەورە لە هەردوو دەقی ئایەتی (١٥١)و (٢٤٢)ی سورەتی بەقەرەدا بڕیاری لەسەر ئەم پرنسیپە (پرنسیپی بلاوکردنەوە) داوە بەو مەبەستەی بنچینەکانی یاسای ئیسلامی بگاتە بەر دەستو دیدو هۆشی خەڵکی.

لەئایەتی (١٥١) ی سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ (كما ارسلنا فيكم رسولا منكم يتلوا ايتنا و يزكيكم ويعلمكم الكتب والحكمه ويعلمكم مالم تكونوا تعلمون)

واتە هەروەکو پێغەمبەرێکمان لەخۆتان بۆ ناردوون تا نیشانەکانی ئێمەتان بۆ بخوێنێتەوەو ئێوە پاك بکاتەوە، وە قورئانو حیکمەتو هەرچی نایزانن فێرتان بکا،

هەروەها لەئایەتی (٢٤٢)ی هەمان سورەتدا دەفەرموێ: (كذلك يبين الله لكم ايته لعلكم تعقلون).

واتە بەم جۆرە خۆتان بخەنەکارو بیربکەنەوە.

ئەوەی شایەنی باسە، بڵاوکردنەوە کارێکی پێویستە بۆبەکاربوونی یاسا جا چی ئەو یاسایە یاسایەکی بنەڕەتی (اساسی) بێت وەك دەستوور وەیان یاسایەکی نابنەڕەتی واتە ئاسایی (عادی) بێت وەك یاساو ئەو بڕیارانەی هێزی یاسایان هەیە وەیان لقەکانی یاسابن وەك ڕێنمایی و نیزامو پەیڕەوی ناوخۆ.

لەئەسڵدا هەموو شتێ ڕێگا پێدراوە (الاصل فى الاشياء الاباحه) بەڵام دوای ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ یەکتریدا بەستووە کەپێی دەڵێن، ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعى) هەریەکێك لەوانە وازی لە هەندێك مافی خۆی بۆ ئەوانی تر هێناوە تاوەکو بەرژەوەندی یەکانیان بەگژیەکدا نەچێو بۆ ئەوەی کۆمەڵ ڕێکبخسترێ چونکە ئەگەر ئەمە نە بێ فەوزاو پاشا گەردانی دروست دەبێ.

جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کەچۆن مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی وازی لەهەندێك مافی خۆی بەپێی ئەم ڕێکەوتنە هێناوە واتە بازنەی شتە ڕێگاپێدراوەکان وردە وردە تەسك دەبێتەوە تاوای لێ دێ بەتایبەتی دوای دروست بوونی دەوڵەتو پەیدابوونی یاسا وەك هۆکارێکی کاریگەر بەدەست دەسەڵا تدارانەوە (الحكام) بۆ سەپاندنی ویستو ئارەزووی خۆیان بەسەر چینی گشتی (المحكومين)دەبینین ناوە ناوە ئەم بازنەیە تەسك تر دەبێتەوەو زۆر لەو کردارو شتانە بە ڕێگا پێدراوی نامێننەوەو ڕێگانادرێ مرۆڤ بیان کات وە یان بەکاریان بهێنێ بۆ نموونە لەسەردەمی ڕژێمی

پاشایەتی ئێران پۆشین (حجاب) ئەرك نەبوو بۆیە ئەگەر ئافرەتێك ئێرانی بە سفوری لەناو شەقامو شوێنە گشتی‌یەکان بسوڕایەتەوە کارێکی ڕەوابوو چونکە سەرپێچی نیزامی گشتی‌و ڕەوشتی گشتی ئێرانی نەبوو واتە سەرپێچی (مخالفە)ی بنچینەیەکی یاسایێ بەرکار (القانون الوضعی)ی ئێرانی نەبوو بەڵام دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی لەساڵی ١٩٧٩و دوا بەدوای دەرچوونی هەندێك بنچینەی ئاسایی‌و گۆڕانی نیزامی گشتی‌و ڕەوشتی گشتی لە ئێراندا خۆدا پۆشین (حجاب) بووە ئەرکی سەرشانی ئافرەتان بۆیە دادپەروەری وادەخوازێ کە ئەو جۆرە یاسایانە بەر لەکار پێ کردنیان بەو دوو قۆناغەی سەرەوەدا بڕۆن تا هەموو کەسێك ئاگاداری ئەحکامەکانی بن.

هەروەها ئێستا کەلەکوردستاندا بەپێی مادەی (>) لەیاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵێ ١٩٩٣ سانسۆر لەسەر چاپەمەنیدا نیە بۆیە خاوەن بەرهەمە هزری‌یەکانئازادن لە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە

هەموار (تعدیل) کرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە نابێ جێ بەجێ بکرێ وەك بنچینە تاوەکو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو نەکرێتەوە هەروەکو لەوەبەر ووتمان مەبەستیش لەبڵاوکردنەوەیدا ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵە بەئەحکامەکانی.

کە دەڵێین دەبێ لەڕۆژنامەیەکی ڕەسمیدا بڵاوبکرێتەوە مەبەستمان ئەو ڕۆژنامەیە نییە کە زمانحاڵێ حکومەتە بەڵکو ئەو ڕۆژنامەیەکە بەپێێ یاسا تایبەت کراوە بەبڵاوکردنەوەی یاسا بەهەرسێ جۆرەکانیەوە.

شایەنی باسە، ڕۆژنامەی ڕەسمی لەعێراقدا ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە)یە هەروەها لەمیسر پێی دەڵێن (الوقائع المصریە) بەڵام لەهەرێمی کوردستان ڕۆژنامەی (پەرلەمان) ڕۆژنامەی ڕەسمی‌یە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەم دوو ڕۆژنامەیەی سەرەوە واتە عیراقی‌و میسری لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنەوە لەلایەن وەزارەتی دادەوە دەردەچێ بەڵام ئەوەی دوایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان خۆیەوە دەردەچێ.

بڵاو بوونەوەی یاسا لەرۆژنامەی رەسمیدا بە گرینە (قرینە)یەکی بنبڕ دادەندێ بۆ ئاگاداری‌ی خەڵکی بەئەحکامەکانی ئەو یاسایەو نابێ پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنین وەك بنچینەیەك ئەمەش پێ‌ی دەڵێن بنچینەی بێ ئاگایی لەیاسادا بەعوزر دانانرێ (الجهل بالقانون لایعتبر عذراً) یان بێ ئاگایی لەیاسادا نیە (لاجهل بالقانون).

بنچینەی بێ ئاگایی لەیاسا بەعوزر دانانرێ:

وەك بنچینەیەك ئەگەر یاسا لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاوکرایەوە لەلایەن کەسانەوە ناوەرۆکەکەی دیار دەبێت بۆیە لەسەر هەموویان دەچەسپێت بەبێ گوێ دانە ئەوەی کامەیان ئاگاداری بوونە یان نا. بڵاوبوونەوەی یاسا خۆی لەخۆی‌دا گەرینەیەکی یاسایی قەتعی‌یە مانای ئەوەیە کەهەموو کەسێك ئاگاداری ئەو یاسایەن‌و بۆ هیچ کەسێك نی‌یە پێچەوانەی ئەو گەرینەیە بسەلمێنێت.

واتە هیچ کەسێك بۆی نی‌یە بڵێ من ئاگاداری یاسا نیم بەهۆی نەخۆشی‌یەوە یان دوورە وڵاتیەوە وەیان نەخوێندەواری یان ناشارەزایی لەزمانی ئەو وڵاتە.

لەراستیدا کارکردن بەم بنچینەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەروورەتی چەسپاندنی یاسا لەسەر هەمواندا بەشێوەیەکی یەکسانی بەمەبەستی راگرتنی نیزام‌و استقرار لەناو کۆمەڵدا.

ئەگەر هاتوو پێداویستی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وا بخوازێ کەنابێ عوزر بهێندرێتەوە بۆ بێ ئاگایی لەیاسا لەدوای بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی رەسمیدا کەچی دەبنین سەرەرای ئەمەش دوو حاڵەت لەم بنچینەیە ریزپەڕ (استثناء) دەکرێ کەئەمانەن:

١- حاڵەتی بوونی دەقێکی یاسایی:

ئەگەر هاتوو دەقێکی یاسایی لەناو یاساکەدا هەبوو بەشێوەیەکی روون‌و ئاشکرا رێگای دابوو بەعوزر هێنانەوە بۆ بێ ئاگایی لەیاسا لەو کاتەدا ئەو کەسەی عوزر

دەمێنێتەوە بۆ بێ ئاگایی لەیاسادا دەکرێ بەپێی ئەو دەقە یاساییە گوێی لێ بگیردرێت و کار بەو دەقە بکرێ.

هەندێ وڵات لەسنوورێکی یەکجار تەسکدا لەرێگای دەقێکی روون و ئاشکراوە بۆ یاساکانی سزا (القوانين الجزائيه) رێگا بەکەسان دەدەن کەعوزر بهێننەوەو پێچەوانەی ئەو بنچینەیەی سەرەوە – بنچینەی بێ ئاگایی لەیاسا بەعوزر داندرێ– بسەلمێنن.

وەک یاسای فەرەنسی ساڵی ١٨٧٠ کە ماوەی سێ رۆژی لەبەردەم ئەو کەسانە داناوە بۆ عوزر هێنانەوە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەو یاسایەدا.

٢- بارودۆخی نائاسایی (کت و پڕ)- (القوه القاهره):

بەو حاڵەتە دەوترێت کەتیایدا مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ ئاگاداری بڵاوبوونەوەی یاسا بێت.

بارودۆخی کت و پڕ یان نائاسایی حاڵەتێکی گشتییەو بەدوورە لەویست و ئارەزوو و توانای کەس.

وەک بارودۆخی شەڕی ناوخۆ یان داگیرکردنی بەشێك لەخاکی وڵات لەلایەن دوژمنەوە یان دابڕانی ئەو بەشە بەهۆی لافاو یان بورکان یان شەق بوونی زەوی یان هەر هۆیەک لەهۆیەکانی لێك دابڕان یان پچڕانی هۆیەکانی پەیوەندی کردن بەیەکەوە.

بۆ نموونە دابڕانی بەشێکی خاکی سوریا لەبەشەکەی تری کەبەرزاییەکانی جولانەو کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی زایۆنیزمەوە بەبارودۆخێکی نائاسایی دادەندرێ و بەحاڵەتێکی ریزپەڕ دادەندرێ بۆ بنچینەی نائاگایی لەیاسا نییە (لاجهل بالقانون).

هەروەها دابڕانی ئەم بەشەی خاکی کوردستان لەپارچەکانی تری خاکی عیراق لەدوای بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەحاڵەتێکی ریزپەڕ لەبنچینەی ناوبراو دادەندرێ بۆ مەبەستی چەسپاندنی ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەردەچێت لەسەر هاووڵاتیانی کوردینیشتەنی ئەو پارچەیەی کوردستان.

چەسپاندنی یاسا (تطبیق القانون)

چەسپاندنی یاسا دوای بەرکار بوونی (نفاذە) کۆمەڵێك کێشە دێنێتە ئاراوە دەسەرووی هەموویانەوە دیارکردنی سنووری ئەو چەسپاندنی لەڕووی کات و شوێن و کەسانەوە دێت.

لەدوو خاڵدا باس لەو مەسەلەیە دەکەین:

یەکەم: چەسپاندنی یاسا لەڕووی کاتەوە:

یاسای نوێ لەبەرواری جێبەجێ بوونیەوە لەسەر بارو ڕووداوو کردارە یاساییەکانی داهاتوو دەچەسپێت و لەسەر هی ڕابردوو ناچەسپێت، کەبەر لەدەرچوون و جێبەجێ بوونی ڕوویان داوە.

لەگەڵ دادپەروەری ناگونجێ مرۆڤ کارێکی ڕێگا پێدراو لەژێر سێبەری یاسای بەرکار بکات دوایی یاسایەکی نوێ بێت و سزایەك بۆ ئەو کارە دابنێت.

هەروەها ئەم پرنسیپە لەگەڵ پشتگیری کردنی باوەڕدان بەیاساو بەردەوامی مامەڵەکان دەگونجێت.

لەبەر ئەمە دەستووری هەندێك وولات وەزۆربەی یاسایان بڕیاریان لەسەر ئەم پرەنسیپە داوە لەنێوان ئەو دەستوورانەی ئەم بڕیارانەیان داوە دەستووری عێراقی کارپێکراو(نافذ) دێت کەلەبڕگەی(ب) لەماددەی(٦٧)دا دەڵێ:

(یاسا هیچ ئەسەرێکی کۆنی بۆ نییە مەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەمەی ڕێزپەرە(أستثناء) یاسا سزاییەکان و یاساکانی باج و میرانەی دارایی ناگرێتەوە).

وە هەر بەم مانایە یاسای شارستانی ئێرانی لەمادده(٤)دا دەڵێ:(اثر قانون نسبت به آتیه است و قانون نسبت بەما مقابل خود اثر ندراد ، مگر این که در خود قانون مقرات خاص نسبت به این موضوع اتخاذ شده باشد).

یەکێك لەئەنجامەکانی ئەو پرنسیپە ئەوەیە کەنابێ دادوەر یاسای نوێ لەسەر ئەو ڕووداوانە بچەسپێنێت کە بەر لەکەوتنە کارەوەیان دێنە کایەوە، بەڵکوو دەبێ یاسای بەکارکەوتوو(القانون النافذ) لەکاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بەکاربهێنێ.

بەڵام هەندێك گیروگرفت دێتە ئاراوە کاتێك هەندێك باری ناتەواو یان ئەوانەی ئاسارەکانیان بەردەوامە لەو کاتەی کە یاسا نوێیەکە دەردەچێت لەکاتێکدا هەندێك لەمەرجەکانی ئەم مەڵبەندە یاسایانە یان هەموی هاتبێتەدی بەڵام پێش ئەوەی گشت ئاسارەکانی تەواو بووبێت.

واتە ئەم گیروگرفتە لەکاتێکدا دێتە ئاراوە کەبارە یاساییەکان درێژببنەوە لەژێر سێبەری دوو یاسای جیاواز وەك ئەو ڕووداوو بارانەی کەپێگەیشتنیان کاتێکی زۆری دەوێ وەك بەسەرچوون (التقادم) و ڕاسپاردە(الوصیە) هەروەها ئەو بارانەی کە دروست بوونی ئاسارەکانی کاتێکی زۆری دەوێ وەك ڕێکەوتنی قەرز بەسوو(القرض بفائدة) و ڕێکەوتی هاوسەرێتی(عقدالزواج) لەژێر سێبەری یاسایەك دروست دەبێت و ئاسارەکانیشیان یان بەسەرچوونی تەواو بوونی ئەو ئاسارانە لەژێر سێبەری یاسایەکی تر دروست دەبێت.

کەواتە لەم نموونانەی سەرەوە کامە یاسا دەبێ بچەسپێت؟ ئایا یاسای کۆن لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لەژێر سێبەری ئەو دەستیان بەدروست بوون کردووە، یان یاسای نوێ لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوانە بەخۆیان و ئاسارە کانیشیانەوە لەژێر سێبەری ئەودا تەواو بوونە.

دوو تیوریمان لەم بارەیەوە هەیە کەئەمانەن:

أ- تیووریی کۆن.

ب- تیووریی نوێ.

تیووری کۆن (النظرية التقليدية):

بەپێی ئەم تیووری‌یە یاسا نوێیەکە دەموو دەست لەسەر ئەو حاڵەتانەی سەرەوەدا دەچەسپێت تەنیا لەوحاڵەتانەدا نەبێت ئەگەر ڕووبەڕووی مافێکی وەدەست هاتوو(حقوق مكتسبە) بۆوە، لەو حاڵەتەدا یاسا نوێیەکە ناچەسپێت بەڵکوو یاسا کۆنەکە دەچەسپێت تاوەکوو یاسا نوێیەکە ئاسارێکی کۆنی نەبێت.

شایەنی یاسا، گشت بەرژەوەندی یەکی دارایی بچێتە ناو ئەستۆی دارایی(الذمة المالية) بەرگری لێ بکرێ بەداوا (دعوا) یان بە دەفع کردن(الدفع) پێی دەوترێ مافی وەدەست هاتوو. هەروەها ئەستۆی دارایی بریتی‌یە لەگشت ئەو شـــتانەی مرۆڤ هەیەتی وەك پارەو خانووبەرەو ئۆتۆمبیل و هەموو شتێکی تر.

بەڵام مافی ودەست نەهاتوو تەنیا هیواو ئاواتەو بەبەرژەوەندی‌یەکی دارایی دانا ندرێ.

ئەم تیۆری‌یە جیاوازی دەکات لەنێوان مافی وەدەست هاتوو لەگەڵ تەنیا هیوا (مجر امال).

بۆ نموونە لەبواری بەسەرچوون(التقادم) و ڕاسپاردن(الوصيه) ئەمەبەدی دەکەین. لەحاڵەتی یەکەمدا بەپێی یاسای هەندێ وولاتان ئەو کەسەی پانزە ساڵ بەرەو سەرەوە دەست بەسەر زەوی‌یەك دابگرێ بەتێپەڕبوونی ئەو ماوە کەپێی دەڵێ، بەسەرچوونی وەدەستهێنەر(التقادم المكسب) مافی مولکدارێـی بەسەر ئەو زەوی‌یەدا وەدەست دەهێنێ جا ئەگەر یاسایەکی نوێ دەرچوو ئەو ماوەیەی درێژ کردەوە بەر لەوەی بەپێی یاسا کۆنەکە دەچەسپێت نەك یاسا کۆنەکە چونکە مافی ئەو کەسە مافێکی وەدەست هاتوو (حق مكتسب) نییە بەڵکوو تەنها هیوایەك بووە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەو یاسا کۆنە بەیاسا نوێیەکە هەموار نەکرا بوایە یان نەگۆڕابایە ئەوە بەتێپەڕبوونی پانزە ساڵ ئەو مافەی وەدەست دەهێنا.

لایەنگرانی ئەم تیووری‌یە چوار ڕێزپەڕ(أستثناء) یان هێناوەتەسەر پرنسیپی(یاسا بەسەر کۆندا ناچەسپێ – عدم رجعيه القوانين) بەئەسەرێکی کۆن ڕێگای چەسپاندنی

(ل٣٨ كتاب چەمكی یاسا)

هەروەها لە حاڵەتی دووەمدا، ئەگەر یەكێك وەسیەتی كرد بە بەخشینی نیوەی داراییەكەی بۆ یەكێك بێ لە میراتگرەكانی بەپێی یاسایەك كە ڕێگای بەمە دابێت، دوایی پاش ماوەیەك ئەو كەسەی وەسیەتی كردبوو مرد، دوای مردنی ئەو یاسایەكی تر دەرچوو ڕێگای نەدا بە وەسیەتكردنی زیاتر لە سێیەكی میراتەكە. لەم حاڵەتەدا وەسیەتەكە بە وەسیەتێكی ڕاستو دروستو بەركار (نافذ) دادەندرێت بەپێی یاسا كۆنەكەو یاسا نوێیەكەی لەسەر ناچەسپێ، چونكە مافی وەسیەتبۆكراو (موصى له) مافێكی وەدەست هاتووە (حق مكتسب) كە لە ئەنجامی مردنی وەسیەتكار (موصى) پێش دەرچوونی یاسای نوێ هاتۆتەدی.

بەڵام ئەگەرهاتوو یاسا نوێیەكە بەر لە مردنی وەسیەتكار دەرچووبێت، ئەوكاتە ئەو یاسایە جێبەجێ دەكرێت نەك یاسا كۆنەكە، چونكە وەسیەتبۆكراو مافەكەی بە مافێكی وەدەستهاتوو داناندرێ تەنها بە مردنی وەسیەتكار نەبێت.

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە چوار ڕیزپەڕیان لە پیادەكردنی پرنسیپی ((یاسا بەسەر كۆندا ناچەسپێ)) هێناوەتەوە، كە ئەمانەی خوارەوەن:

بەکارهێنانی یاسا نوێیەکەیاندا سەرەڕای ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ مافێکی وەدەست هاتوو لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- بوونی دەقێکی ڕوون و ئاشکرا بوو:

یاسادانەر بۆی هەیە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەقێك لەیاسا نوێیەکە دابنێ بۆ ئەوەی یاسایەکە لەسەر ڕابردوودا بچەسپێت بۆ مەسەلە شارستانییەکان ئەگەر هاتوو بەرژەوەندی گشتی تێدابێت.

لەڕاستیدا ڕێگانەدان بەم ڕیزپەڕە لەدەقە سزاییەکاندا لەگەڵ پرنسیپی (هیچ تاوانێكو هیچ سزایەك بەبێ دەق نابێ) دەگونجێ.

٢- ئەو یاسا سزاییانەی کەباشترن بۆ تاوانبار:

ئەو یاسا سزاییانەی کەباشترن بۆ تاوانبار کەهەندێك ئەحکامی باشتر بۆ تاوانبار دەگرێتە خۆ لەسەر ڕابردوو دا دەچەسپێت بەبێ ئەوەی پێویست بەدەقێکی یاسایی تایبەتی بکات.

بۆ نموونە ئەگەر بەپێی دەقێکی یاسای کۆن سزای تاوانێك یەك ساڵ بەندی نشین بێ بەڵام دوای ئەوەو بەرلەوەی تاوانبار لەلایەن دادگاوە دادگاییەکەی تەواو بوو بێو بەو سزایە سزا درابێت، یاسایەکی نوێ دەرچوو ئەو دەقەی یاسا کۆنەکەی هەموار کردو سزایەکی کەمتر کردەوەو کردی بەشەش مانگ گرتن، لەو حاڵەتەدا یاسا نوێیەکە بەسەر تاوانبارەکەدا دەچەسپێ چونکە بۆ ئەو یاسا نوێیە باشترە لەیاسا کۆنەکە.

٣- ئەو یاسایانەی پەیوەندی یان بەنیزامی گشتییەوە هەیە:

یاسای نوێ لەسەر ڕابردوودا دەچەسپێ ئەگەر هاتوو پەیوەندی بەنیزامی گشتی و ڕەوشتی گشتییەوە هەبووهەر چەندە لەناو یاساکە دەقێکی ئاشکرا نەبێت کە فەرمان بەوە بکات.

بۆ نموونە ئەگەر یاسایەکی نوێ دەرچوو تەمەنی پێگەیشتن(رشد)ی لەهەژدە ساڵ کردە بیست و یەك ساڵ ئەو کاتە یاسا نوێیەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە نەگەیشتوونەتە ئەو تەمەنە دەچەسپێ بەڵکو لەسەر ئەوانەش دەچەسپێ کە گەیشتوونە تەمەنی پێگەیشتن بەپێی یاسای کۆن.

ئەوەی جێی سەرنجە بەپێی دەستووری عێراقی ئەو یاسایەی پەیوەندی بەنیزامی گشتییەوە هەیە لەسەر ڕابردوودا ناچەسپێ مەگەر دەقێکی ئاشکرا هەبێت فەرمان بەوە بکات.

٤- یاساکانی لێکدانەوە(القوانین التفسیریە):

یاساکانی لێکدانەوە ئەو یاسایانەن کە بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی یاساکانی پێشوو دەردەچن. کەواتە یاسای لێکدانەوە ئەحکامی نوێی تێدانییە بەڵکو ئەحکامەکانی تایبەتن بە لێکدانەوەی یاسای کارپێکراو بۆیە بەبەشێکی تەواوکەری ئەو یاسایە دادەندرێتو لەبەرواری بەکاربوونی یاسا کۆنەکەوە بەرکار (نافذ) دەبێت.

٥- یاسا شێوەییەکان (القوانین الشکلیە):

یاسا شێوەییەکان ئەو یاسایانەن کە پەیوەندیان بە دروست بوونی دادگاکانو دەسەڵاتەکانیانو چۆنێتی بەرزکردنەوەی داواو ئسووڵی دادبینینیو ئەو بڕیارانەی کە دەریان دەکەنو دیاریکردنی تانە یاساییەکانو چۆنێتی جێبەجێ کردنیان هەیە. ئەو یاسایانە لەسەر ڕابردوودا دەچەسپێ بە ئەسەرێکی کۆن وە بۆچەسپاندنی لە عێراقدا بە ئەسەریکی کۆن دەبێ دەقێکی ئاشکرا هەبێ کە فەرمان بەوە بکات.

تیۆری نوێ:

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە دەڵێن دەبێ جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەسەری کۆنو ئەسەری ڕاستەوخۆی یاسا. بەپێی ئەم تیۆرییە یاسای نوێ لەسەر ئەو مەڵبەندە

یاساییانە ناچەسپێ کە لەژێر سێبەری یاسا کۆنەکە دروست بوونە یان بەسەر چونە، هەروەها لەسەر ئاسارەکانی ئەو مەڵبەندانەش ناچەسپێ کە لە کۆن دروست بوونە.

بەڵام ئەو مەڵبەندانەی کە لە رابردوودا دروست بوونە چەسپاندنی یاسا نوێیەکە بەسەر رابردوودا ئاسارەکانی ئێستاکەو دوارۆژیشیان چەسپاندنێکی کۆن نییە بەڵکو چەسپاندنێکی بە زوویی و راستەوخۆیە، بۆیە هەندێ لەیاسازانان ناوی (ئەسەری بەزوویی و راستەوخۆی یاسا)یان لەم تیۆرییە ناوە.

کەواتە چەسپاندنی ئەو یاسایانەی کە تەمەنی پێگەیشتن (سن الرشد)ی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە بەپێی یاسا کۆنەکە گەیشتوونەتە بێ ئەوەی بەپێی یاسای نوێ گەیشتبێ و دانانیان بەناپێگەیشتوو بۆ کردارەکانی داهاتوویان، بە چەسپاندنێکی زوو بەزوویی یاسا نوێیە دادەندرێ نەك کۆنەکە.

بەڵام ناکرێت ئەو یاسایە لەسەر ئەو کردارانە بچەسپێت کە بەر لەدەرچووندا تەواو بوونە، بۆیە ناکرێ پووچەڵ بکرێنەوە چونکە ئەگەر ئەمە کرا مانای ئەوەیە یاسا نوێیەکە بە ئەسەرێکی کۆن چەسپاوە کە ئەمەش نابێ ببێ.

ئەوەی جێی سەرنجە پرنسیپی ئەسەری زووبەزوویی یاسا بە پرنسیپێکی رەها (مطلق) داناندرێ چونکە مەڵبەندەکانی رێکەوتن (المراکز العقدیە)ی لێ ریزپەڕ دەکرێ کەلەژێر سێبەری یاسا کۆنەکە دروست بوونەو هەتا دوای بەکاربوونی یاسا نوێیەکەش هەر بەردەوامن.

کەواتە ئەم مەڵبەندانەی رێکەوتنە دەکەوێتە ژێر حوکمی ئەحکامەکانی یاسا کۆنەکەی بەپێی پرنسیپی (سلطان الارادە) بەمەرجێك نابێت بنچینەکانی یاسا نوێیەکە لەشێوەی فەرمان بێت و پەیوەندی بە نیزامی گشتییەوە هەبێت.

دووەم: چەسپاندنی یاسا لەرووی شوێن و کەسانەوە:

بۆ دیاریکردنی سنووری چەسپاندنی یاسا لەرووی ئەو شوێنەی کە یاساکەی دەچەسپێت وەهەروەها لەرووی ئەو کەسانەی کەبەسەریاندا دەچەسپێت دوو پرنسیپمان هەیە چارەسەری ئەو کێشەیەمان بۆ دەکەن.

پرنسیپی ناوچەگەریتی یاسا (مبدأ اقلیمیة القوانین):

ئەم بابەتە لەسەر پرنسیپی سەروەری دەوڵەتو دەسەڵاتپۆیی بەسەر هاووڵاتیانو سەربەخۆییەوە دروست بووە.

بەپێی ئەم پرنسیپە یاسای هەر دەوڵەتێك بەسەر گشت هەرێمەکەی دەچەسپێتو گشت ئەو کەسانەی نیشتەجێی ئەو هەرێمەن هاووڵاتیان بن وە یان بێگانە حوکمەکانی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە.

بە پێچەوانەشەوە لەسەر ئەو رووداوانە ناچەسپێ کە لە دەرەوەی سنوورەکەیدا روودەدەن هەرچەندە ئەو رووداوانە پەیوەندییان بە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتەش هەبێت کە لە وڵاتی بێگانەدا نیشتەجێ بوونە.

پرنسیپی کەسایەتیی یاساکان (مبدأ شخصیه القوانین):

بەپێی ئەم پرنسیپە یاسای هەر دەوڵەتێك بەسەر هەموو ئەو کەسانە دەچەسپێت کە هاتوونەتە ریزییەوە (واتە پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە پەیوەندی رەگەزنامەیە) هەرچەندە لە دەرەوەی سنووری هەرێمەکەشی بن وە نابێت لەسەر بێگانەکان بچەسپێت هەرچەندە لە هەرێمەکەشیدا نیشتەجێ بوون.

لەراستیدا هەردوو پرنسیپ تەواوکەری یەکترن بۆیە ناکرێ کار بە پرنسیپێك بکرێو ئەوەی تریش فەرامۆش بکرێ بۆیە دەبینین لە گشت وڵاتانی دونیا کار بەهەردوو پرنسیپ دەکرێ. شایەنی باسە، وڵاتە نوێیەکان پرنسیپی ناوچەگەریتی یاسایان بە ئەسڵ داناوە پرنسپی کەسایەتی یاسایان بەریزپەڕ داناوە. بەڵام ئەم ئەسڵەش هەندێك ریزپەری دێتە سەر وەك:

١- بوونی دەقێك وا بخوازێ یاسا بێگانەکە (القانون الاجنبی) بچەسپێ، بۆ نموونە کێشەکانی باری کەسیو ئەحکامەکانی تایبەت بە لێهاتن (الاهلیه).

٢- مافە رامیارییەکان لەگەڵ ئەرکە گشتییەکان:

وەك مافی بەشداری كردن لەبەڕێوەبردنی كاروبارەكانی ولأت لەڕێگای فەرمان دیتنو بەشداری كردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی یاسادانانو ئەنجوومەنی‌تر كە لەڕێگای دەنگادانەوە پێك دێن، هەروەها هەستان بە ئەركە گشتی‌یەكان وەك ئەركی جێبەجێ كردنی گوزارشتی سەربازیو بەرگری كردن لەولأتو دانی باجو میرانە یاساییەكان.

٣- ئەو تاوانەی كە دەرهەق بە بەرژەوەندی‌یە بالأكانی ولأت دەكرێن وەك ئەو تاوانانەی كە ڕووبەڕووی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی ولأت وە یان ڕژێمە سیاسی‌یەكەی یان یەكێك لە قەواڵە (سندات)ەكانی یان پوولەكانی دەبنەوە.

بۆ نموونە تاوانی لاسایی كردنەوەی پارەی عیراقی واتە وێنە لەسەر گرتنەوەو چاپكردنی دراوی عیراقی لەدەرەوەی ولأت یان لە ناوەوە بە شێوەیەكی نایاسایی.

٤- سەرۆكی ولأتانو دیپلۆماتاران.

٥- ڕیزپەڕكردنی هەندێك كەس بەپێی ڕێكەوتنو پەیمان.

هەڵوەشانەوەی یاسا:

هەڵوەشانەوەی یاسا واتە كارپێنەكردن بەدەقی یاسا كە لە ڕێگای كێشانەوەی هێزەكەی دێتەدی.

هەڵوەشانەوەش بە یاسایەكی هاوچەشن یان لەو بەرزتر دەبێت.

جۆرەكانی هەڵوەشانەوە:

بەدوو ڕێگا یاسا هەڵدەوەشێتەوە: ڕێگای یەكەم پێی دەووترێ هەڵوەشانەوەی ئاشكرا، ڕێگای دووەمیش پێی دەوترێ هەڵوەشانەوەی نا ئاشكرا، یەكەم:

هەڵوەشانەوەی ئاشكرا:

هەڵوەشانەوەی ئاشكرا واتە هەڵوەشانەوەی دەقێكی یاسایی بە دەقێكی ڕوونو ئاشكرای یاسایی‌تر.

بۆ نموونە بەپێی ماددەی (١٢٨) لە یاسای جێبەجێ کردنی (تنفیذ)ی عیراقی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ هەموار کراو یاسای جێبەجێ کردنی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٧ هەموار کراو هەڵوەشاوەتەوە.

هەروەها هەندێك جار هەڵوەشانەوەی ئاشکرا دێتە ئاراوە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی ماوەی دیاریکراو بۆ بەکاربوونی یاسایەکە. بۆ نموونە بەپێی ماددە (٦)ی یاسای پاکسازی دەزگا میریەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٥٨ ماوەی بەکاربوونی ئەو یاسایە بە شەش مانگ دیارکراوە ئەگەر بۆ هەمان ماوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە درێژ نەکرێتەوە.

بۆیە بە تێپەڕ بوونی ئەو ماوەیەو درێژنەکردنەوەی یاسای ناوبراو بە هەڵوەشاوەیەکی ئاشکرا لەقەڵەم دەدرێ.

دووەم: هەڵوەشانەوەی نا ئاشکرا:

هەڵوەشانەوەی نا ئاشکرا واتە هەڵوەشانەوەی حوکمی یاسایەکی پێشین بە یاسایەکی دواتر بەبێ ئەوەی تیایدا ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی یاسا پێشینە بکرێت.

واتە لەرێگای بەگژدا چوونی یاسا نوێیەکە لەگەڵ یاسا کۆنەکە ئەمە هەست پێ دەکەین.

وەیان لەرێگای هەستانی یاسا دانەر بەرێکخستنی بابەتێك کە لەوەو پێش بە یاسایەکی پێشتر رێکی خستبوو دەگەینە ئەم دەرئەنجامە.

کۆکردنەوەی یاسا (تجميع التشريع):

کۆکردنەوەی یاسا واتە کۆکردنەوەی ئەو بنچینە یاساییانەی تایبەتن بە لقێك لە لقەکانی یاسا دوای دابەشکردنو پۆلێن کردنیان لە کۆڕێك دا.

جۆرەکانی کۆکردنەوە:

١- کۆکردنەوەی رەسمی:

بریتیە لە کۆکردنەوەی بنچینە یاساییەکانی تایبەت بە لقێك لە لقەکانی یاسا

لەلایەن دەزگایەکی میری تایبەتمەند وەك یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ هەروەها یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩و یاسای باری کەسایەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموار کراو.

٢- کۆکردنەوەی نارەسمی:

ئەو کۆکردنەوەیەیە کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ بەبێ ئەوەی دەوڵەت سیفەتی رەسمی پێ ببەخشێ.

بۆنموونە (مرشد الحیران)ی قەدری پاشا کە ئەو بنچینانەی یاسای ئیسلامی گرتۆتەخۆ کە تایبەتن بە مامەڵە کردنو باری کەسایەتی.

مێژووی کۆکردنەوەی یاسا:

جموجۆڵی کۆکردنەوەی یاسا تازەنیینە بەڵکو زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان بۆ نموونە دانانی یاسای حامورابی دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار ساڵ پێش زایین هەروەها یاسای دوانزە تابلۆکە (قانون الالواح الاثنی عشر) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ٤٥٠-١٤٥١ پێش زایین هەروەها کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر رەزای خوای لێ بێت.

هەروەها یاسای شارستانی فەرەنسی کە ناسراوە بە یاسای نا پلیۆن کە لەساڵی ١٨٠٤ دانراوە بە نموونەیەکی زیندووی کۆکردنەوەی یاسا لەچاخی نوێدا دادەندرێ.

٢- داب (العرف):

بەو کۆمەڵە بنچینانە دەوترێ کە بەهۆی دووبارە کردنەوەی رەوشتێکی دیاریکراو دێتەکایەوەو دروست دەبێو بروایەکی گشتی بە خەڵك دەسەلمێنێ کە ئەو بنچینانە سەپاوەنو پەیرەوی کراون.

به واتایەکی تر دەتوانین بڵێین داب بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بنچینە کە لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی خۆ بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ پێیان لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ یەکتریدا لە هەندێك حاڵەتدا بەو وەسفەی کە بنچینەی یاساییەو بەپێی باوەڕی خەڵك هێزی سەپاوەیان هەیە وەك بنچینەکانی یاسا.

لەمەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە داب لە ئەنجامی لێڕاهاتنو بەردەوام بوونی خەڵك لەسەر ڕەوشتێکی دیاری کراو دێتە ئاراوە کە لەو باوەڕەدان کە ناچارن خۆیانی پێ ببەستنەوە.

شایەنی باسە، تاکو ئێستاش داب لەلایەن هەندێ وڵاتانەوەی لە پێشەوەی سەپاوەکانی تری یاسا دێت بۆ نمونە داب ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە هێناکایەوەی بنچینەی یاسایی لە یاسای ئینگلیزیدا بینیوە.

بۆ نموونە دادوەرانی پادشایەتی بە دوای بنچینەکانی داب دەگەڕانو لە شێوەی پرنسیپی یاسایی لەنێو بڕیارە دادگاییەکانیاندا دایان دەڕشتنەوەو لەکۆی ئەم پرنسیپە گشتی‌یانە یاسای ئەحکامە گشتی‌یەکان پێك دەهات.

هەر لەبەر بایەخی داب هەندێك لەیاسا زانەکان وای بۆ دەچن کە پرنسیپی (بێ ئاگایی لە یاسادا نیە) (لاجهل بالقانون) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داب سەرچاوەی یاسایە وە لەبەر ئەوەی بنچینەکانی داب لە ئەنجامی هەڵسو کەوتی تاکەکانی کۆمەڵ دروست بووەو گەشەی کردووە بۆیە وا گریمان (افتراض) دەکرێ کە هەموو کەسێك دەبێ ئاگاداری یاسای وڵاتەکەی بێت.

هەر لەبارەی دابەوە مەعەمەر قەزافی لە کتابە سەوزەکەیدا دەڵێ: (یاسای ئاسایی هەر کۆمەڵگایەك بریتی‌یە لەدابو ئایین.. ئایین بریتی‌یە لە ئامێزگرتنی داب، دابیش تەعبیر لە ژیانی ئاسایی گەلان دەکات.. کەواتە ئایین، کە دابی لە ئامێز گرتووە، تەئکید کردنی یاسای سروشتی‌یە.

کەواتە یاسا نا ئایینیو نادابیەکان (اللادینیە واللاعرفیە) دەسکردی مرۆڤە دژی مرۆڤێکی‌تر، بۆیە پووچەڵە چونکە دوورە لەسەرچاوەی سروشتی کە دابو ئایینە).

رایەڵەکانی داب (ارکان العرف):

لە پێناسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە داب دوو رایەڵی هەیە، یەکەمیان رایەڵێکی ماددی‌یە کە بریتی‌یە لە لێراهاتنی خەڵك لە رەوشتێکی دیاریکراو.

دووەمیشیان رایەڵێکی واتایی‌یە کە بریتی‌یە لە ئەو بروایەی لەلای خەڵك دروست دەبێ سەبارەت بە پێویستی پیرەو کردنی ئەو بنچینەو هەست کردن بە سەپاوێتی.

یەکەم رایەڵی ماددی:

بریتی‌یە لە لێراهاتنی خەڵك لەسەر رەوشتێکی دیاریکراو لەکاروبارێکی دیاری کراوداو ئەم لێراهاتنەش لە ئەنجامی بەدەنگ هاتنی غەریزەی چاولێکەری دروست دەبێت.

بۆ نموونە خەڵکی کوردستان وا لێراهاتوونە لەکاتی کرینی ماست پەنجە دەخەنە ناو ماستو تامی دەکەن ئەوجا دەیکرن.

مەرجەکانی رایەڵی ماددی:

ا- دەبێ لێراهاتنەکە گشتی بێت واتە هەموو کەسێك بگرێتەوە.

ب- دەبێ لێراهاتنەکە کۆن بێت.

ج- دەبێ لێراهاتنەکە رێكو پێكو دووپات بێت.

د- نابێ لێراهاتنەکە پێچەوانەی نیزامی گشتی‌و رەوشتی گشتی‌و دەقەکانی یاسا بێت.

دووەم: رایەڵی واتایی (الرکن المعنوی):

بریتی‌یە لە باوەڕی خەڵك بەوەی کە ئەو لێراهاتنە سەپاوەیە بۆ نموونە بەپێی رۆمانی تەنەکە لە نووسینی یەشار کەمال لەشارۆچکەیەکی تورکیا بەپێی دابو نەریتی ئەو ناوچەیە ئەوەی ببایە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی‌ی ئەو شارۆچکەیە بە

دۆڵو زوڕنا پێشوازیان لێ دەکردو ئەوەی لەو سەرۆکایەتیەش بکەوتایە بە تەنەکە لێدان بەڕێیان دەکرد.

بنچینەی هێزی سە پاوێتی داب:

سێ تیۆری لەم بارەیەوە هەن کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- تیوری ویستی یاسادانەر:

بەپێی بیروڕای لایەنگرانی ئەم تیوری‌یە ویستی ئاشکرا یان نا ئاشکرای یاسادانەر بنچینەی سەپاوێتی‌ی دابە.

بۆیە داب لە ئەنجامی ڕەزامەندی دەسەڵات لەسەر چەسپاندنی سەپاوە دەبێت.

٢- تیوری دادبینی‌یەکانی دادگا:

بەپێی ئەم تیوری‌یە داب هێزی سەپاوێتی لە دادبینی‌یەکانی دادگا وەردەگرێ.

بۆیە بەر لە دادبینی‌یەکانی دادگا شتێك نیە ناوی داب بێت مەگەر نەریت نەبێ، بۆیە ڕۆڵی دادگا بۆ پێك هێنانی داب وەکو ڕۆڵی دروستکەر وایە لە دروست کردنی کەلوپەل لە کەرەستە خاوەکان.

٣- تیوری‌ی پێویستی‌یە کۆمەڵایەتیەکان:

بەپێی ئەم تیوری‌یە بنچینەی سەپاوێتی‌ی داب دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی کۆمەڵایەتی‌یەکان هەروەها ڕەزامەندی هەموان لەسەر چەسپاندنی ئەم ڕەزامەندی‌یەشمان لەپەیڕەو کردنی داب لەلایەن ئەو خەڵکانەوە بۆ دەردەکەوێت.

گرنگترین لایەنە چاکو خراپەکانی داب:

<u>لایەنە چاکەکانی:</u>

١- داب تەعبیر لە ویستو ئارەزووی کۆمەڵ دەکات.

٢- داب شان بەشانی بارودۆخی کۆمەڵ دەڕوات.

٣- داب بەسەرچاوەیەکی تەواوکەری یاسای دانراو دادەندرێ.

لایەنە خراپەکانی:

١- مەرج نیە هەموو دەمێك ناوەڕۆكی داب روونو ئاشكرا بێت بە پێچەوانەی بنچینەی یاسایی.

٢- كاركردن بەداب دەبێتە هۆی پەیا كردنی فرەنیزامی یاسایی.

٣- داب زۆر لەسەر خۆیە پەرەسەندنو گەشەسەندنیدا بۆیە ئاگاتە ئەو پێشكەوتنە خێرایانەی ئەمڕۆ گەلان بەخۆیان دەبینن.

٣- بنچینەكانی یاسای ئیسلام:

یاسای ئیسلام بە سەرچاوەیەكی رەسمی سپێر دادەندرێت بۆ هەردوو یاسای شارستانی عیراقیو یاسای باری كەسایەتی بەركار (قانون الاحوال الشخصیه النافذ).

لە بڕگەی دووی ماددەی یەك لە یاسای شارستانی عیراقیدا هاتووە: (ئەگەر دادپرسی دەقێكی لە یاسای دانراودا یا لە دابدا نەدیتەوە كە بۆ چەسپاندن بەسەر مەسەلەكەدا گونجاو بێت ئەوا دەبێ بڕیار بەپێی بنچینە گشتیەكان یاسای ئیسلام دەربكات بێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەتاقە مەزهەبێك لە مەزهەبەكانی ئیسلامیەوە).

هەروەها لە بڕگەی دوو لەماددەی یەك لەیاسای باری كەسایەتی عیراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەمواركراودا هاتووە: (ئەگەر دەقێكی یاسای دانراو دەست نەكەوت كە بۆ سەپاندن بگونجێ، ئەوا بەپێی بنچینەكانی یاسای ئیسلام، كە زیاتر دەگونجێن لەگەڵ دەقەكانی ئەم یاسایەدا، بڕیار دەدرێ).

بڕگەی سێیەم لەهەمان مادده دەڵێ:

(دادگاكان دوای دادگەری (القضاء)و یاسازانی ئیسلامی عیراقو ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی یاسایان لەیاسای عیراقەوە نزیكە، دەكەون).

لەم دوو مادەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ ئەگەر هاتو كێشەیەكی باری كەسی وەیان تایبەت بە مامەڵە كردن بۆ دادگا بەرزبۆوە پێویستە دادگا یەكەم جار پەنا بباتە بەر یاسای نووسراو ئەگەر حوكمێكی تیا نەدۆزیەوە كێشەكەی پێ یەك لا

بکاتەوە ئەوکاتە پەنا دەباتە بەر داب وەك سەرچاوەی دووەمی یاسا ئەگەر لەوێشدا حوکمێکی گونجاوی نەدۆزیەوە ئەوا پەنا دەباتە بەر سەرچاوەی سێیەم کە بنچینەکانی یاسای ئیسلامە وە بۆ گەڕان بەدوای حوکمێکی گونجاو تیایدا نابێ گوێ بداتە هیچ مەزهەبێکی دیاریکراو گرنگ ئەوەیە حوکمێکی گونجاوی دەست بکەوێ بۆ یەك لا کردنەوەی کێشەکە.

ئەوەی شایەنی باسە، لەهەندێ وڵاتاندا پرنسیپەکانی یاسای ئیسلامی بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکیو بنەڕەتی یاسای بەرکار تیایاندا. بۆ نموونە میرنشینی عەرەبی سعودی یەکێکە لەو وڵاتانە.

٤- پرنسیپەکانی دادپەروەری (مبادئ العدالە)

دادپەروەری هەستێکی شاراوەیە لە دەروونداسەرچاوەکەی ویژدانێکی زیندووەو مرۆ لە ڕێگای ئەقڵییەوە ئەیدۆزێتەوە بە مەبەستی ئەوەی کە ماف بدرێتە هەموو خاوەن مافێك.

وە لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە کە پەیوەندیەکی زۆر بەهێز لەنێوان پرنسیپی دادپەروەریو یاسای سروشتی هەیە تارادەیەك هەندێ جار وا دێنە بەرچاو کە بەیەکەوە لکابن.

پرنسیپەکانی دادپەروەری بە سەرچاوەی چوارەم لەسەرچاوەکانی یاسا دادەندرێ دوای یاسای نوسراوو دابو بنچینەکانی یاسای ئیسلام دێت لە پۆلێن دا.

ئەمەی خوارەوە دەقی برگەی دووی ماددەی یەکە لە یاسای شارستانی عیراقی سەبارەت بەمە:

(ئەگەر دادوەر دەقێکی لەیاسای نوسراو یا لەداب نەدیتەوە کە بۆ چەسپاندن بەسەر مەسەلەکەدا گونجاو بێت ئەوا دەبێ بەپێی بنچینە گشتیەکانی یاسای ئیسلام بریار دەربێنێ بێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بە تاقە مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی ئیسلام وە ئەگەر هەر نەیدۆزیەوە بەپێی پرسنیپەکانی دادپەروەری).

ئەوەی شایەنی باسە، زۆرجاران یاسادانەر ڕێگا بە دادوەر دەدات کە بگەڕێتەوە سەر بنچینەکانی دادپەروەری لەو کاتانەی کە سەرچاوەکانی تری یاسا حوکمێکی وایان تیادا نەبێت کە بۆ چەسپاندن بەسەر مەسەلەکەدا گونجاو بێت.

وە مەبەستیش لەمە ڕێگا گرتنە لەبەردەم دادوەر بۆ ئەوەی نەبوونی دەقێکی گونجاو نەکاتە بیانوو بۆ نەدیتنی کێشەکە.

چونکە بەپێی ماددەی (٨) لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ هەموو کەسێك بۆ داوەریکردنو پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی کە یاساو دەستور پێی داوە لە دەستدرێژی کردنە سەر، مافی پەنابردنەبەر دادگە نیشتمانیەکانی هەیە.

سەرچاوە نا رەسمیەکانی یاسای عیراقی:

١- یاسا زانی:

بریتیە لە بیروڕای یاسازانو مافناسان لەبارەی ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی یاساو بنچینە یاساییە لێڵەکان.

<u>ڕۆڵی یاسازانی لە یاسا کۆنەکاندا:</u>

لەسەرەتای سەردەمی یاسای ڕۆمانی یاسازانی تایبەت بوو تەنیا بە کاهینەکان دوایی وردەوردە بۆ کەسانی تریش هەبوو بەم کارە هەستن بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسای دوانزە تابلۆکە.

دادوەر لەم قۆناغەدا ڕاوێژی بە یاسازانەکان دەکردو حوکمی بەپێی ڕاوێژی ئەوان دەدا.

هەروەها لەسەردەمی ژاستیدا هەندێك لەیاسازانەکان مافی فەتوایان پێ درا دوا بەدوای ئەمە پێج لەیاسازانەکان فەتواکانیان سەپاوە بوو واتە دەبوایە دادوەر گوێڕایەڵیان بێتو لەسەریان بڕوات.

هەروەها ئیمپراتۆر جوستنیان هەست بە کۆکۆدنەوەی بیروڕای ئەو یاسازانانەو لە کۆدێکا کۆی کردنەوە بەناوی (کۆدی جوستنیان) وە بەم کارەی جوستنیان یاسازانی بووە سەرچاوەیەکی رەسمی بنەڕەتی یاسای ڕۆمانی.

شایەنی باسە، یاسازانی ڕۆڵێکی بەرچاوی نەبووە لەیاسەی ئینگلیزدا چونکە ئەم یاسایە لەلایەك زیاتر بایەخی بە دابو نەریتی سەکسۆنیو نۆرماندی دەدا لەلایەکی تریشەوە لەسەر بڕیارە پێشینەکانی دادگا (السوابق القضائیة) دەڕۆیشت.

رۆڵی یاسازانی لەیاسای نوێدا:

یاسازانی هێزی سەپاوەی نیە لە یاسانوێکاندا بەڵکو بەسەرچاوەیەکی نارەسمی واتە بەلێکدەرەوەو شیکەرەوە دادەندرێ.

دادوەر لەکاتی چەسپاندنی یاسادا هەروەها یاسادانەر لەکاتی دانانی یاسادا دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕای یاسازانەکان ئەگەر مەسەلەیەکی یاسایی لەبەردەمیان روونو ئاشکرا نەبوو بەمەبەستی لابردنی لێڵی لەسەر بنچینە یاساییەکان.

شایەنی باسە، لە عیراقدا دادوەرو یاسادانەر دەگەڕێنەوە بۆ بیروڕای ئەو یاسازانانەی کە یاسای وڵاتەکەیان نزیکە لە یاساکانی عیراقی وە بۆ ئەم مەبەستە لە بڕگەی سێی ماددەی یەکی یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١دا هاتووە دەڵێ:

(لەمانەدا دادگا راوێژو پرنسیپە گشتیانە دەکات کە دادگا بڕیاری لەسەر داون هەروەها بە یاسازانی لە عیراقدا دوایی بە یاسازانی لەو وڵاتانەی کەیاساکانیان نزیکە لە یاساکانی عیراقی).

٢- دادگەری یان دادوەری (القضاء):

وشەی (القضاء) لە زمانی عەرەبیدا گەلێك مانای هەیە لەوانە بڕیارەکانی دادگا دەگرێتەوە هەروەها شێوەی دەسەڵاتی دادگایی دەگرێتەوە دواتریش بەمانای ئەو رێبازانە یێت کە دادگاکان بەجۆرێکی هەمیشەیی لە بڕیارەکانیدا دەیگرنە بەر.

(القضاء) بەمانای دوایی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی نارەسمی یاسا.

شایەنی باسە، دادگەری وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك دەگۆڕێ:

بۆ نموونە بەپێی یاسای شارستانی عیراقی بەسەرچاوەیەکی نارەسمی واتە لێدەرەوەو شیکەرەوە دادەندرێ کەچی بەپێی نیزامی یاسایی ئینگلیزی بەسەرچاوەیەکی رەسمیو بنەرەتی یاسای ئینگلیزی دادەندرێ.

رۆڵی دادگەری لەیاسا کۆنەکاندا:

دادگەری یان دادوەری بەسەرچاوەیەکی رەسمی یاسا دادەندرا لەلای رۆمانەکانەوە چونکە دادوەر (بریتۆر) لەکاتی دامەزراندنیدا هەندێك رێنمایی (منشور)ی دەردەکرد تیایدا ئەو بنچینانەی دیاردەکرد کە دادبینییەکانی لەسەر بەڕێوە دەبرد.

وە لەکۆی ئەو رێنماییانە رێنمایی گشتی (المنشور الدائم) دروست بووەو کاری پێکرا تا ئەوکاتەی کە بە شێوەیەکی رەسمی کۆکرایەوەو ناوی لێنرا (یاسای بریتۆری) هەروەها دوا بەدوای ئەمە لەسەردەمی جوستنیان تێکەڵ بە یاسای رۆمانی کراو یەك یاسای لێ دروست کرا بەناوی (کۆدی جوستینان) (مدونە جستنیان) کە مەبەست لەمە یاسا بەناوبانگەکەی رۆمانییە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە کە یاسای بریتۆری دەستکردی دادوەرەکان بو بەلاَم دوای ئەوەی کە رێنمایی بریتۆرەکان کۆکرانەوەو تێکەڵ بە یاساکران لە سەردەمی جوستینان بۆ پێك هێنانی یاسای رۆمانی رۆڵی دادوەر تەنیا چەسپاندنی یاسا بوو نەك دروستکردنی.

هەروەها لە عیراق دادوەری بەپێی برگەی سێی ماددەی یەك لە کۆدی شارستانی عیراقی بە سەرچاوەیەکی نارەسمی واتە لێکدەرەوەو شیکەرەوەی یاسا دادەندرێ.

فەرمانی یاسا (وظیفة القانون):

فەرمانی یاسا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك دەگۆڕێ بەپێی ئەو رێچکەیەی کە باوەڕی پێیەتی.

دوو ڕێچکەی سەرەکی لە جیهاندا هەن، یەکەمیان ڕێچکەی تاک پەروەرییە دووەمیشیان ڕێچکەی کۆمەڵ پەروەرییە هەروەها دەتوانین بڵێین ئایینی ئیسلامیش بە ڕێچکەیەکی مام ناوەندی دابنێین لەنێوان ئەم دوو ڕێچکەیە.

بەڵام لەبەرئەوەی یاسای عیراقی ڕێگایەکی مام ناوەندی لەنێوان ئەو دوو ڕێچکەیە گرتۆتە بەر بۆیە لەسێ خاڵد باس لە فەرمانی یاسا لەو سێ ڕێچکانە دەکەین.

یەکەم: فەرمانی یاسا لەژێر سێبەری ڕێچکەی تاک پەروەر:

ڕێچکەی تاک پەروەر لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە تاکەکەس (الفرد)و ئازادیەکانی دامەزراوە چونکە بەلای ئەوانەوە تاک تەوەری کۆمەڵەو مەبەستی یاساشە.

بۆیە لە ئەسڵدا هەموو مرۆڤێک ئازادە بەڵام وەک ڕێزپەرێک لەرێگای یاساوە لە تەسکترین سنوردا کۆت دەخرێتە سەر ئەو ئازادیانە.

لایەنگرانی ئەم ڕێچکەیە وای بۆ دەچن کە مرۆڤ هەر لەناو زگی دایکی‌دا کاتێک کە کۆرپەلەیە کۆمەڵێک مافی هەیە کە سەرچاوەکانیان سروشتە نەک دەوڵەت وەیان یاسا بۆیە فەرمانی یاسا پاراستنی ئەو مافانەیە کە بەمافی سروشتی ناو دەبردرێت‌و پابەندی سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤن‌و ناکرێ کەم بکرێنەوە چونکە کەم کردنەوەی ئەو مافانە کەم کردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی مرۆڤە. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە ماف بەر لەیاسا هەیەو یاسا تەنیاو تەنانەت بۆ مەبەستی پاراستن‌و پارێزگاری کردن لەو مافانە هاتونەتە کایەوە.

بەبۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێچکەیە دەوڵەت دەوڵەتێکی پاسەوانەو تەنیا سێ فەرمانی سەرەکی هەیە، یەکەمیان بەرگری کردن لەهەموو هێرشێکی دەرەکی‌و دووەمیان پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو سێیەمیشیان دەسەڵاتی دادگەرییە. هەروەها هەندێ جاریش دەتوانێت هەستێت بە ڕاپەڕاندنی هەندێک کاری قورس کە لەتوانای تاکەکەس‌دا نیە وەک دروستکردنی ڕێگاو بان‌و بەنداوو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان.

ئەوەی شایەنی باسە، ئەم ڕێچکەیە لە ئەنجامی توندوتیژی دەسەلاتی فەرمانڕەوای ڕەها (السلطة المطلقة) بەر لە شۆڕشی فەرەنسا دروست بوو.

بەپێی ئەم ڕێچکەیە تاکەکەس بنچینەی کۆمەڵە چونکە کۆمەڵ لەکۆی تاکەکەسەکان پێك دێت بۆیە لەکاتی بەگژیەکدا چوونی بەرژەوەندی تایبەتی کە هی تاکەکەسە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کەهی کۆمەڵە دەبێ بەرژەوەندی تایبەتی بخرێتە پێشەوەی بەرژەوەندی گشتی چونکە ئەگەر بەرژەوەندی تایبەتی بپارێزرێ ئەوا لە ئەنجامی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیانە بە شێوەیەکی ئوتوماتیکی بەرژەوەندی گشتی پارێزراو دەبێت.

هەروەها هەروەکو وتمان کە ئەوان بەلایانەوە سروشت سەرچاوەی مافەکانی مرۆڤە بۆیە هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵ بەر لەوەی بێتە ناو کۆمەڵەوە کۆمەڵێك مافی هەیە کە سەرچاوەیان سروشتەو لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا دەگونجێ هەروەکو لەوەو پێش باسمان کرد.

کەواتە دەبێ زۆر ڕێز لەو مافانە بگیردرێ هەر بۆیە مافی موڵکدارێتی تایبەتی زۆر جێگای ڕێزە.

ئاکامەکانی ڕێچکەی تاك پەروەر (اثار المذهب الفردي):

ئەم ڕێچکەیە گەلێك ئاکامی لەبواری ڕامیاریو ئابووریو یاساییدا بەدوای خۆیدا ڕاکێشا:

١- ئاکامە ڕامیارییەکان:

دەبێ دەوڵەت مافو ئازادییەکانی تاکەس ڕەها بکاتو هیچ کۆسپو تەگەرەیەکیان نەخاتە بەر. جگە لەو کۆتانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ئازادی کەسانیتر کە ئەو کۆتانەش دەبێ لە تەسکترین سنوردا دابندرێت.

٢- ئاکامە ئابوورییەکان:

دەبێ دەوڵەت زامنی ئازادی کارکردن بکاتو بڕیاریش لەسەر سیستمی ئابووری ئازاد بدات.

واته کارکردن بەو دروشمەی کە دەڵێ: (لێ گەڕێ با تێپەڕبێو لێ گەڕێ با ئیشو کار بکات) (دعه یمر دعه یعمل).

٢- ئاکامە یاساییەکان:

گەلێك ئاکامی یاسایی هەبوو کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

ا- کەم بوونەوەی رۆڵی یاسا لە ڕێکخستنی کۆمەڵدا.

ب- کەم بوونەوەی بنچینە یاساییە فەرمان کەرەکانو زیادبونی بنچینە یاساییە تەواوکەرو لێکدەورەوەکانی.

ج- پرنسیپی سەروەری دەسەڵاتی ویست (سیادة سلطان الارادە) چونکە وای بۆ دەچن کە ویستو ئارەزووی لایەنەکانی ڕێککەوتن ئازادە لە بەستنو نەبەستنی هەر جۆرە ڕێککەوتنێك یان دانانی هەر مەرجێك.

د- ڕێزگرتن لەمافەکانی تاکەکەسو موڵکداریێتی تایبەتی.

هـ- بەستنەوەی بەرپرسیارێتی شارستانی (المسؤولیه المدنیه) بەرەگەزی هەڵەی کەسی (الخطأ الشخصی)یەوە.

واتە بەرپرسیارێتی بەندە بەو هەڵەیەوە کە لەلایەن کەسی بەرپرسیارەوە دەکرێت.

و- دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی.

ز- ڕەها کردنی ئازادی کەسی لەبازنەی باری کەسیایەتیدا.

ڕێچکەی کۆمەڵ پەروەر (المذهب الاشتراکی):

بەپێی ئەم ڕێچکەیە مرۆڤ بنچینەی کۆمەڵ نیە بەڵکو هاوکاری کۆمەڵایەتی بنچینەی کۆمەڵە چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو ناتوانێ دوور لە کۆمەڵ ژیان بەسەر ببات بۆیە ئەگەر کامەرانی بۆ کۆمەڵ بەدیهات بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی کامەرانی بۆ تاکەکەسیش دێتەدی. کەواتە لە پێناو بەدیهێنانی ئەو کامەرانیە بۆ کۆمەڵ دەبێ تاکەکەس تەرخان بێت بۆ ڕاژەی کۆمەڵ چونکە تاك بەشێکە لە کۆمەڵو لێی جودا نابێتەوە.

کەواتە لەکاتی بەگژیەکدا چوونی بەرژەوەندی تایبەتیو بەرژەوەندی گشتی دەبێ بەرژەوەندی گشتی بخرێتە پێشەوەی بەرژەوەندی تایبەتی چونکە ئازادییەکان مافی سروشتی نین بەڵکو فەرمانی کۆمەڵایەتین.

بەم پێیە دەوڵەت بەپێی ئەم رێچکەیە بۆی هەیە دەست لە کاروباری تاکەکەسو ئازادییەکانی وەربدات تا ئەو پەڕەکەی.

بۆیە رۆڵی یاسا تەنیا پاراستنی مافەکانیو نیزام نیە لەناو کۆمەڵدا بەڵکو ئەم سنوورە دەبەزێنێ بە مەبەستی وە دیهێنانی دادی کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاریە گشتییەکان.

ئاکامەکانی رێچکەی کۆمەڵ پەروەر:

ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئاکامەکانی ئەم رێچکەیەن:

أ- ئاکامە رامیاریەکان:

بریتییە لە ئاراستەکردنی ژیانی رامیاری لەناو کۆمەڵدا بەپێی بەرژەوەندی گشتی چونکە ئازادییەکان مافی سروشتی مرۆڤ نین بەڵکو فەرمانی کۆمەڵایەتین.

٢- ئاکامە ئابوریەکان:

دەوڵەت بۆی هەیە دەست لەگشت کەرتە ئابوورییەکان وەربدات هەروەها ئاراستەیان بکاتو بەسەریشیانەوە چاودێر بێت.

٣- ئاکامە یاساییەکان:

أ- بەستنەوەی بەرپرسیارێتی شارستانی بە رەگەزی زیان پێگەیشتن.

ب- فرەوان بوونی رۆڵی یاسا لە رێکخستنی کۆمەڵدا.

ج- زیادبوونی رۆڵی دەوڵەت لە دەست تێوەردان لە کاروباری کەسایەتی.

د- زیادبوونی بنچینەی یاساییە فەرمانکەرەکانو کەم بوونەوەی بنچینەی یاساییەکانی تەواوکەرو لێکدەرەوە.

هـ- موڵکداریێتی فەرمانێکی کۆمەڵایەتییە (الملكية وظيفة اجتماعية).

و- کەم بوونەوەی ویستو ئارەزوو (الارادە) لەبارنەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە کۆمەڵێك تیوری کۆمەل پەروەر سەریان هەڵدا وەك تیوری لەوتاندنی ماف (اساءة الحق) وتیوری بارودۆخی کتو پڕ (الظروف الطارئة)و تیوری ئیستغلال.

ز- روخانی دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی.

هەڵوێستی یاسای عیراقی بەگوێرەی هەردوو ڕێچکەی تاك پەروەرو کۆمەڵ پەروەر:

بۆ ئەم مەبەستە یاساکانی عیراق دابەش دەکەین بۆ سێ قۆناغ

قۆناغی یەکەم بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، قۆناغی دووەم دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ تا دەگاتە دەرچوونی دەستووری عیراقی ساڵی ١٩٧٠، قۆناغی سێیەمیش لە دەرچوونی دەستووری عیراقی ساڵی ١٩٧٠ دەست پێدەکات تاکو ئەمڕۆش.

<u>قۆناغی یەکەم: بەر لە شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨:</u>

لەم قۆناغەدا پەیڕەوی ڕێچکەی تاك پەروەری دەکرا لە عیراقدا بۆیە زۆر بەزەقی بیرۆکەی تاك پەروەری لە یاساکانی ئەم قۆناغەدا بەدی دەکەین بۆ نموونە یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ کە بە دایکی گشت یاساکان ناسراوە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتمەندێتی ئارەزوو (سلطان الارادة) دروست بووە کەچی هەندێك پرنسیپو بیرۆکەی کۆمەڵ پەروەری گرتۆتە ئامێزوەك پرنسیپی لەوتاندنی مافو تیووری بارودۆخی کتو پڕو هەروەها تیووری ئیستغلال.

<u>قۆناغی دووەم دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ تاکو دەرچوونی دەستووری عیراقی لە ١٩٧٠/٧/١٦.</u>

لەم قۆناغەدا گەلێك یاسای وادەرچوون كە مۆركێكی كۆمەڵ پەروەریان بەزەقی پێوە دیاربوو لەوانە یاسای چاككردنی كشتوكاڵ.

قۆناغی سێیەم: دوای دەرچوونی دەستووری عیراقی ساڵی ١٩٧٠.

لەم قۆناغەدا عیراق هەنگاوی بەرەو بەدیهێنانی كۆمەڵ پەروەری نا وە بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵێك یاسای دەركرد كە لەسەر بیرۆكەی كۆمەڵ پەروەری دامەزرابوون كە لەسەرووی هەموویانەوە دەستوور دێت كە لەمادده (١)دا دەڵێ:

(عیراق كۆمارێكی دیموكراسی جەماوەرییەو خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆیە ئامانجی سەرەكی بەدیهێنانی دەوڵەتی یەك پارچەی عەرەبەو دامەزراندنی رژێمی كۆمەڵ پەروەرییە).

هەروەها لە مادده (١٠)دا دەڵێ:

(هاوكاری كۆمەڵایەتی بنچینەی یەكەمی كۆمەڵە...)

وە لەمادده (١٦)دا هاتووە:

(موڵكدارێتی فەرمانێكی كۆمەڵایەتییە لەسنووری ئامانجەكانی كۆمەڵو بەرنامەكانی دەوڵەتدا بەپێی یاسا بەكار دەهێندرێت).

هەروەها كۆمەڵێك یاسای تریش لەم بارەیەوە دەرچوون كە لەهەموویان دیارتر یاسای چاككردنی نیزامی یاسایی (قانون اصلاح النظام القانوني) ژمارە (٣٥)ی ساڵی ١٩٧٧.

ئەم یاسایە كۆمەڵێك پرنسیپی دیاری كرد كە دەبێ یاسادانەر (المشرع) لەكاتی دانانو گۆڕین (هەمواركردن)ی یاساكاندا لەسەریان بڕوا تاوەكو یاساكان دادی كۆمەڵایەتی بەدی بهێننو فەرمانێكی كۆمەڵایەتیش ببینن.

هەڵوێستی بیرۆكەی تاك پەروەرو بیرۆكەی كۆمەڵ پەروەر لە دابەشكردنی یاسا بۆ یاسای تایبەتیو یاسای گشتی:

مێژووی دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ڕۆمانی. بە پێی بیروڕای یاسازانانی ڕۆمانی یاسای گشتی ئەو یاسایەیە کە ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە، یاسای تایبەتیش ئەو یاسایەیە کە ئامانجەکەی هێنانەدی بەرژەوەندی تایبەتییە بەم پێیە ڕۆمانەکان یاسای گشتییان بە یاسای دەوڵەت داناوەو یاسای تایبەتیش بەلایانەوە یاسای تاکەکەس بووە.

ئەڵەمانو ئینگلیزەکانیش ئاگاداری ئەم دابەشکردنە نەبوون بۆیە بەلایانەوە یاسا یەك جۆر بوو.

هەروەها فەڕەنساییەکان بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا ئاگاداری ئەم دابەشکردنە نەبوون بەڵام دوای شۆڕشی فەڕەنسا هەستان بە دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی.

شایەنی باسە فەڕەنسییەکان جیاوازیان لەنێوان دوو حاڵەتی بەشدار بوونی دەوڵەت یان کەسە واتاییە گشتییەکان لە پەیوەندییە یاساییەکان دەکرد. حاڵەتێك کە دەوڵەت یان یەکێك لەکەسە واتایییە گشتییەکان بە سیفەتی خاوەن دەسەڵاتو سەروەری لایەنێك بێت لەلایەنەکانی پەیوەندییە یاساییەکان، حاڵەتێکیش کە دەوڵەت یان کەسە واتایییە گشتییەکان (الاشخاص المعنويه العامه) وەك کەسێکی ئاسایی لایەنێك بێت لەو پەیوەندییە نەك بەسیفەتی خاوەن دەسەڵاتو سەروەری.

بۆیە پەیوەندی یە یاساییەکان لە حاڵەتی یەکەمدا بەپێی یاسای گشتی ڕێك دەخستران بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا بەپێی یاسای تایبەتی ڕێك دەخستران.

پێوەرەکانی دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی:

چوار پێوەری سەرەکیمان هەیە بۆ لێك جیاکردنەوەی هەردوو جۆرەکەی یاسا لە یەکتری کە ئەمانەی خوارەوەن:

<u>یەکەم</u>: سروشتی بەرژەوەندییەکە (طبيعة المصلحة): بەپێی ئەم تیورییە یان پێوەرە بەپێی سروشتی ئەو بەرژەوەندییەی کە یاسا دەیپارێزێت بڕیار دەدەین کە ئایا ئەو یاسایە یاسای گشتییە یان یاسای تایبەتی.

بۆ نموونە ئەگەر ئەو بەرژەوەندی‌یەی کە یاسایەکە دەیپارێزێ بەرژەوەندی‌یەکی گشتی بوو ئەوا یاساکەش یاسای گشتی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەرژەوەندی‌یەکە تایبەتی بوو ئەوا یاساکەش تایبەتی دەبێت

دووەم: بەرژەوەندی دارایی: بەپێی ئەم پێوەرە ئەگەر هاتوو ئەو بەرژەوەندی‌یەی کە یاسایەکە دەیپارێزێ بەرژەوەندی‌یەکی دارایی بوو ئەوا یاساکە یاسای تایبەتی دەبێت بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی‌یەکە نادارایی بوو ئەوا یاسایەکە یاسای گشتی دەبێت.

سێیەم: پێوەری شێوەیی: بەپێی ئەم پێوەرە جۆری یاسا دەگۆڕێ بەپێی سروشتی بنچینە یاسایی‌یەکان.
چونکە سروشتی بنچینە یاسایی‌یەکانی یاسای گشتی فەرمانکەرە (امرە) بەڵام سروشتی بنچینە یاسایی‌یەکانی یاسای تایبەتی تەواوکەرو لێکدەرەوەیە (مکملە ومفسرە).

چوارەم: پێوەری کەسایەتی: بەپێی ئەم پێوەرە جۆری یاسایەکە پابەندی ئەو لایەنانەی رێکەوتنەیە کە یاسایەکە رێکی دەخات.
ئەگەر لایەنەکانی ئەو رێکەوتنە کەسی سروشتی بوون ئەوا یاسایەکە یاسای تایبەتی‌یە بەڵام ئەگەر ئەو لایەنانە کەسی واتایی گشتی یان دەوڵەت بوون ئەوا یاسایەکە یاسای گشتی‌یە.

بایەخی دابەشکردنی یاسا:

دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتی‌و یاسای تایبەتی گەلێك بایەخی هەیە ئەمانەی خوارەوە گرینگترینیانە:

١- یاسای گشتی ئامانجەکەی پارێزگاری کردنە لە نیزامی گشتی واتە پاراستنی بەرژەوەندیيە بالآکانی کۆمەڵ بۆیە گشت بنچینە یاساییەکانی فەرمانکەرن‌و نابێ سەرپێچییان لێ بکرێت وەیان ڕێکەوتنێکی دژ بە ئەوان ئەنجام بدرێت.

٢- یاسای گشتی هەندێك دەسەلأت بەدامو دەزگاکانی دەوڵەت دەدات کە یاسای تایبەتی بە کەسانی نادات. بۆ نموونە بەپێی یاسای گشتی دەوڵەت بۆی هەیە بە زۆری مافی موڵکداریتی لەخاوەنەکەی بسێنێتەوە وەیان ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ کەسێکی سروشتی بە ستوویەتی بە ئارەزوویەك یەك لایەنە هەڵی بووەشێنێتەوە.

٣- ئەو ئەحکامانەی کە دارایییە گشتییەکان (الاموال العامە) ڕێك دەخەن جیاوازن لەو ئەحکامانەی کە دارایییە تایبەتییەکان ڕێك دەخەن، بۆ نموونە ماوەی بەسەرچوونی دۆڕینە (التقادم المسقط) بە گوێرەی جۆری دارایییەکە دەگۆڕێ‌و واش باوە کە ماوەی بەسەرچوونی دۆڕینەری مافی داواکردنی دارایییە گشتییەکان درێژترە لە ماوەی بەسەرچوونی دۆڕێنەری دارایییە تایبەتییەکان.

٤- یاسای گشتی پەیوەندی دەوڵەت بە فەرمانبەرەکانیەوە ڕێك دەخات‌و یاسای تایبەتیش پەیوەندی نێوان کرێکاران‌و خاوەن کارن ڕێك دەخات.

٥- دادگای تایبەتمەند بە بینینی دادبینییەکان بەپێی ئەو یاسایە دەگۆڕێ کە دادوەر دەیسەپێنێت.

ئەگەر یاسایەکە یاسای گشتی بوو ئەوا دادگاکەش دادگای کارگێڕی دەبێت وە ئەگەر یاسایەکە یاسای تایبەتی بوو ئەوا دادگاکەش دادگای ئاسایی (العادی) دەبێت.

جۆرەکانی بنچینە یاساییەکان:

بەگەلێك شێوە یاسا دابەشکراوە، ئەمەی خوارەوە هەندێکە لەو دابەشکردنانە:

١- بنچینە یاساییەکانی نێو دەوڵەتی‌و بنچینە یاساییەکانی ناوخۆ.

٢- بنچینە یاساییەکانی نووسراوو بنچینە یاساییەکانی نەنوسراوو.

٣- بنچینە یاسایییەکانی بابەتیانە (موضوعية)و بنچینە یاسایییەکانی شێوەیی (شکلیە).

٤- بنچینە یاسایییەکانی گشتیو بنچینە یاسایییەکانی تایبەتی.

٥- بنچینە یاسایییەکانی فەرمانکەرو بنچینە یاسایییەکانی تەواوکەرو لێکدەرەوە.

لەبەر ئەوەی دابەشکردنی یاسا بۆ یاسای گشتیو یاسای تایبەتی جێگای بایەخی یاسا زانانە بۆیە ئێمەش بە شێوەیەکی چڕوپڕ لێی دەدوێین.

یاسای گشتیو یاسای تایبەتی:

یاسای گشتی بریتییە لەو کۆمەڵە بنچینە یاسایییانەی کە ئەو پەیوەندییە یاسایییانە رێك دەخات کە دەوڵەت یان کەسە واتاییە گشتییەکان لایەنێکن لە لایەنەکانی بەو سیفەتەی کە خاوەن دەسەڵاتو سەروەرین.

لقەکانی یاسای گشتی:

یاسای گشتی گەلێك لقی هەیە ئەمانەی خوارەوە دیارترینو گرنگترینی ئەو لقانەن:

١- یاسای گشتی نێو دەوڵەتی:

یاسای گشتی نێو دەوڵەتی بریتییە لەو کۆمەڵە بنچینە یاسایییانەی کە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لە بارودۆخی ئاشتیو جەنگ رێك دەخات هەروەها پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانەو رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان رێك دەخات.

بیروڕای یاسازانەکان لەبارەی سروشتی بنچینەکانی یاسای گشتی نێو دەوڵەتی وەکو یەك نییە، هەندێکیان لەسەرووی هەموویان ئۆستن دێت ئینکاری سیفەتی یاسایی ئەو بنچینانە دەکەن بە بیانووی ئەوە گوایا دەسەڵاتێکی یاسادانان لەسەر

ئاستی جیهان وەك دەسەڵاتی یاسادانان لە هەر وڵاتێك نیە کە ئەو بنچینانەی لێوە دەربچێت.

هەروەها نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵای تایبەتمەند بە چەسپاندنی ئەو بنچینانە لەسەر ئاستی جیهاندا تاوەکو بتوانێ سزا بەسەر سەرپێچی کەراندا بسەپێنێ.

بەڵام هەندێکی‌تر لەیاسازانەکان وە لەسەرووی هەموویانەوە سافینی دێت دەڵێت بنچینەکانی یاسای گشتیی نێو دەوڵەتی بنچینەی یاساییە.

ئەم کۆمەڵە یاسازانانە پاساو بۆ بیروڕای خۆیان دەهێننەوەو لەوەڵامی بیانووەکانی کۆمەڵەی یەکەمدا دەڵێن:

نەبوونی دەسەڵاتێکی یاسادانان بەس نیە بۆ ئەوەی ئێمە سیفەتی یاسایی لەسەر بنچینەکانی یاسای گشتی نێو دەوڵەتی لا ببەین چونکە یاسای نوسراو (التشریع) تاکە سەرچاوە نیە لەسەرچاوەکانی یاسا بەڵکو لەپاڵ ئەم سەرچاوەیە چەندین سەرچاوەی ترمان هەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانیشەوە دەرناچن وەك بنچینەکانی دابو بنچینەکانی ئاینو بنچینەکانی دادپەروەریو بڕیارە پێشینەکانی دادگا (السوابق القضائیة) هەروەها دەڵێن نەبوونی دەسەڵاتێکی دادگەری هیچ کارناکاتە سەر بوونی بنچینە یاساییەکان چونکە پیشەی دادوەر چەسپاندنی یاسایە نەك دروستکردنو هێنانەکایەوەی یاسا هەروەها زۆر جاران یاسا دەچەسپێت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دادگەری.

٢- یاسای دەستووری یان یاسای بنەڕەتی:

بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی بنەڕەتی کە نیزامی حوکمڕانیتی لەناو دەوڵەت دیار دەکات هەروەها چۆنێتی ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتی‌یەکان (مەبەستمان

دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگەرییە) هەروەها پەیوەندی هەر یەکێك لەو دەسەڵاتە گشتییانە بەوانی ترەوە هەروەها مافو ئازادییە گشتییەکانو ئەرکە گشتییەکان دیاردەکات.

شایەنی باسە، دەستوور دوو جۆری هەیە، دەستووری نەرمو دەستووری وشك.

دەستووری نەرم بەوجۆرە دەستورە دەوترێ کە بەهەمان ڕێگەی یاسای ئاسایی (التشريع العادي) دادەندرێتو هەموار دەکرێتو هەڵدەوەشێتەوە بەڵام دەستووری وشك بەو دەستورە دەوترێ کە دانانو هەمواکردنی یاسای ئاسایی واتە دانانو هەموار کردنی زەحمەت ترە لە دانانو هەموارکردنی یاسای ئاسایی.

هەروەها لەرووی دانانەوە دەستورەکان لێك جیاوازن، هەندێك دەستور لەشێوەی بەخششێك لەسەرۆکی وڵاتەوە بە هاوڵاتیان دەبەخشرێ. هەندێکی تریش گەل لەخۆیەوە بۆ خۆی دادەندرێت لە ڕێگای کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر کە لەرێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردراون وەیان لە ڕێگای ڕادەبرین (استفتاء) لەسەر ئەو پرۆژەی دەستورە کە حکومەت ئامادەیکردووە.

هەروەها لەهەندێ وڵاتدا دەستەیەکی ناهەڵبژێردراو کە حوکمڕانێتی وڵاتیان گرتۆتە دەست دەستور دادەنێن وەك ئەنجومەنی سەرکردایەت شۆڕش لە عیراق کە دەستوری عیراقی ساڵی (١٩٧٠)ی داناوە.

٣- یاسی کارگێری یان بەڕێوە بردن (القانون الاداري):

بریتییە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە چالاکییەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە هەڵسان بە فەرمانە کارگێڕیەکەی ڕێك دەخات.

٤- یاسای دارایی (التشريع المالي):

بریتییە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە دارایی دەوڵەت ڕێك دەخات لەرووی داهاتو خەرجییەکانیەوە.

٥- یاسای سزادان (قانون العقوبات):

کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی‌یە ئەو کارانە دیار دەکات کە بە تاوان دادەندرێن هەروەها دیاریکردنی سزای هەر تاوانێك لەو تاوانانەو چۆنێتی نەمانی بەر پرسیارێتی.

٦- یاسای دادبینی‌ی سزایی (قانون اصول المحاکمات الجزائیە):

کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی‌یە دادگەری سزایی (القضاء الجنائي) رێك دەخات لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دادگەری هەروەها کارەکانی ئاشکرا کردنی تاوان‌و چۆنێتی دەسگیرکردنی تاوانبارو لێکۆڵینەوە لەگەڵی‌و دادگایی کردنی‌و جێبەجێ کردنی سزایەکە دیار دەکات.

بە واتایەکی‌تر، بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی ئەوکارانە رێك دەخات کە دەبێ پەیڕەو بکرێ بۆ زامن کردنی چەسپاندنی یاسای سزادان.

دووەم: یاسای تایبەتی:

یاسای تایبەتی گەلێك لقی هەیە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەوانە:

١- یاسای شارستانی:

بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە پەیوەندی‌یەکانی نێوان کەسان رێك دەخات بێ لەو پەیوەندی‌یانە کە بەپێی لقێکی‌تر لە لقەکانی یاسای تایبەتی رێك دەخسترێن، شایەنی باسە، یاسای شارستانی بەسەرچاوەی گشت لقەکانی تری یاسای تایبەتی دادەندرێ چونکە لەوەوە جیابوونەتەوەو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە هەر بۆیە بە یاسای شارستانی دەڵێن دایکی یاساکان وە بە بڕبڕەی یاساکان دادەندرێ لەهەر وڵاتێکدا بابەتەکانی یاسای شارستانی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك لێك جیاوازە، بۆ نموونە بابەتەکانی یاسای شارستانی عیراقی بریتی‌یە لە

ئەحکامەکانی مامەڵە (معاملات) وەك دیارکردنی واتای دارایی (المال) لەگەڵ جۆرەکانیو هەروەها ئەو مافانەی کە دەکەونە سەر ئەو داراییانە لەگەڵ چۆنێتی وەدەست هێنانو گواستنەوەو نەمانیان.

هەروەها هەندێك حوکمی تایبەت بە باری کەسایەتی تیایە وەك دیاری کردنی (سن التمین) و (سن الرشد) چونکە یاسایەکی تایبەتیمان بەباری کەسایەتی لە عیراقدا هەیە ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو.

کەچی لە فەرەنسا یاسای شارستانی فەرەنسی ساڵی ١٨٠٤ بە شێوەیەکی یەکسانی بایەخی بە ئەحکامەکانی مامەڵەو باری کەسایەتی داوە.

هەروەها لە عیراقدا بەپێی یاسایەکی تایبەتی مافی دانەر پارێزراوە کەچی لە فەرەنساو یەکێتی سۆڤێتی پێشوو هەروەها روسیا بەپێی یاسای شارستانی ساڵی ١٨٠٤و ١٩٦١و ١٩٦٤ ئەو مافانە پارێزراون.

٢- یاسای بازرگانی:

بریتییە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە لەسەر بازرگانەکانو کاری بازرگانی دەچەسپێت.

٣- یاسای دادبینییە شارستانییەکان (قانون المرافعات المدنیە):

کۆمەڵێك بنچینەی یاسایین کە دەبێ بۆ زامن کردنی چەسپاندنی یاسای شارستانی پەیرەو بکرێن.

٤- یاسای کار:

بریتییە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە کارو پەیوەندی نێوان کرێکارانو خاوەن کاران رێك دەخات.

٥- یاسای تایبەتی نێو دەوڵەتی (القانون الدولی الخاص):

کۆمەڵێك بنچینەی یاساییە دادگای تایبەتمەندو ئەو یاسایە دیار دەکات کە دەبێ بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا بچەسپێت کە رەگەزێکی بێگانەیان تیایە بۆ نموونە

ئەگەر پەیوەندییەکی یاسایی لەنێوان بازرگانێکی عیراقیو یەکێکیتری ئێرانی دروست بوو وەیان پەیوەندییەك لەنێوان دوو بازرگانی عیراقی لە هەرێمی ئێراندا.

لەو حاڵەتەدا دەبینین هەردوو پەیوەندیی یاساییەکان رەگەزێکی بێگانەیان تیایە لە حاڵەتی یەکەمدا یەکێك لە لایەنەکانی رێکەوتنەکە بێگانە لەهی دووەمیشدا ئەو هەرێمەی رێکەوتنەکەی لێ بەستراوە بێگانەیە بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەحکامەکانی یاسای تایبەتی نێو دەوڵەتی ئەو یاسایە ئەو دادگایەمان بۆ دیار دەکات کە تایبەتمەندە بە بینینی ئەو دادبینییەی کە لە ئەنجامی دروست بوونی کێشەیەك لەنێوان ئەو دوولایەنە دروست دەبێت. هەروەها ئەو یاسایەشمان بۆ دیاردەکات کە دەبێ لەلایەن دادوەرەوە بەسەر کێشەکەدا بچەسپێت، واتە ئایا دادگای عیراقی یان ئێرانی کێشەکە دەبینێ هەروەها ئایا یاسای عیراقی یان یاسای ئێرانی دەبێ بچەسپێت؟

سروشتی یاسا (طبیعة القانون):

هەروەکو دەزانین لەپاڵ بنچینە یاساییەکان کۆمەڵێك بنچینەی تری رەوشتی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە بایەخ بە رەوشتی تاکەکەس دەدەن، بە واتایەکیتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رێك دەخەن بەڵام بنچینە یاساییەکان بە سیفەتێکی سەرەکی لە بنچینەکانیتر جیادەبنەوە ئەویش سیفەتی سەپاوێتییە (الزام). چونکە بنچینەی یاساییەکان سەپاوەن بەسەر تاکەکانی کۆمەڵداو نابێ سەرپێچیان لێ بکرێت وە ئەوەی سەرپێچیان بکات دووچاری سزایەکی ماددی سەر دونیا دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی گشتییەوە.

بۆیە ئەم تایبەتمەندێتییەی بنچینەی یاسایی وامان لێ دەکات کە لە سروشتی یاسایی ئەو بنچینە یاساییانە بکۆڵینەوەو لەبەر رۆشنایی تیۆرییە شێوەییو تیۆرییە بابەتیو تیۆرییە تێکەڵاوەکان، دواتریش تیۆرییە کۆمەڵ پەروەرییەکان باس لەو سروشتە یاساییە بکەین.

یەکەم: تیوری‌یە شێوەیی‌یەکان (النظریات الشكلیه):

ئەم تیوری‌یانە بایەخیان بە شێوەی دەرەوەی بنچینە یاسایی داوە بۆیە سروشتی یاسا بە شێوە دەرەکی‌یەکەی دەبەستنەوە.

لەم ڕووەوە دوو تیوری شێوەییمان هەیە، تیوری ئۆستن‌و تیوری ڕاڤەکردن لەبەر ڕۆشنایی دەقەکان (نظریة اوستن ونظریة الشرح على المتون).

١- تیوری ئۆستن:

بەپێی بۆچوونی ئۆستن یاسا بریتی‌یە لە فەرمانێکی سەپاوە کەلەلایەن دەسەڵاتمەندەوە دەرچووە بەمانایەکی‌تر یاسا بریتی‌یە لەهەندێك فەرمانی گشتی بەردەوام کە ئاراستەی سەرجەم کۆمەڵ کراوە هەندێك جۆری کردارو نەکردنی کرداری تیایە.

پرۆفیسۆر هارت کە یەکێکە لە لایەنگرانی ئەم تیوری‌یە دەڵێ هەر کاتێك یاسایەك هەبێ ڕەفتاری مرۆڤ بەشێوەیەك لەشێوەکان بە شێوەیەکی بەزۆرەکی دەبەسترێتەوە کەواتە بیرۆکەی ئەرك (الالتزام) ناوەڕۆکی بنچینەی یاسایی‌یە.

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین بەپێی ئەم تیوری یاسا بریتی‌یە لە ویستو ئارەزووی دەسەڵاتمەندان کە بەزۆری بەسەر تاکەکەساندا دەسەپێنرێت لەکاتی پێویستی‌دا.

کەواتە ڕەگەزەکانی یاسا بریتین لە بوونی دەسەڵاتێکی باڵا،و دەرکردنی فەرمانو نەهی (الامر والنهي) لە دەسەڵاتی باڵاوە، و لکاندنی ئەو فەرمانو نەهی‌یانە بە سزایەکی ماددی سەر دونیا.

بەلای ستنەوە دەسەڵاتی گشتی دەکرێ دەستەیەك بێت وەیان تاکەکەسێك بێت بەمەرجێك ئەو دەستەیە حوکمڕانێتی ولاتیان لەئەستۆدا بێت وەیان ئەو تاکەکەسە لەو کەسانە بێت کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودانە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو فەرمانو نەهی‌یانەی کە بارزانی نەمر لەکاتی شۆڕشی ئەیلول دەری دەکردن بەمەبەستی قەدەغەکردنی راوو راوشکاری لەوەرزی زاوزێ‌دا هەروەها قەدەغەکردنی راوکردنی بزنەکێویو مامز هەروەها شایی رەشبەڵەك بریتی بوون لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- بارزانی نەمر دەسەلأتی بالأ بوو لەناو شۆڕشی ئەیلولو ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەلأتی شۆڕش.

٢- فەرمانو نەهی‌یەکان گشتیو بەردەوام بوون.

٣- ئەو فەرمانو نەهی‌یانە لکابوون بە سزایەکی ماددی سەر دونیا. واتە ئەو کەسەی سەرپێچی دەکرد لەو فەرمانو نەهی‌یانە دووچاری سزایەکی ماددی دەبوو لەسەر دونیا.

شایەنی باسە، ئۆستن لەسەروی ئەو یاسازانانەوە دەهات کە ئینکاری ئەوەی دەکرد کە بنچینەکانی یاسای گشتی‌ی نێو دەوڵەتی بنچینەی یاسایی بن هەوەکو لەوەو پێش لەکاتی باسکردنی سروشتی یاسا باسمان لێوەکرد.

بەلأم ئەگەر بێتو ئێستاکە لەژێر سایەی سیستەمی جیهانی نوێی ئەمریکا ئەم تیوریە- واتە تیوریی ئوستن- لەسەر ئەو فەرمانو نەواهی‌یانەی کە ئەمریکا دەریان دەکا بچسپێنن دەتوانین بڵێین گشتیان بنچینەی یاسایین چونکە ئەمریکا تاکە دەوڵەتی زل هێزە لە دونیادا هەروەها ئەو فەرمانو نەواهیانەی کە دەریشیان دەکات لکاون بە سزایەکی ماددی خۆی کەفالەتی سەپاندنیان دەکات بۆ نموونە کاتێك فەرمانی‌یە یۆغسلافیا کرد مافی ئۆتۆنۆمی بدات بە ئەلبانی‌یە موسڵمانە جێنشی‌نیەکانی هەرێمی کۆسۆڤۆ فەرمانەکەی سزای لەگەڵ بوو. ئەوەبوو دوای ئەوەی حکومەتی یوغسلافی گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە نەبوو بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بڕیاری لێدانی یۆغسلافیای دەرکردو هێزی ئاسمانی‌و موشەکی دورهاوێژی دژی ئەو وڵاتە بەکارهێنا.

٢- تیوری‌ی راڤه‌کردن له‌به‌ر رۆشنایی ده‌قه‌کاندا:

دوای ده‌رچوونی یاسای شارستانی فه‌ره‌نسی که ناسراوه به یاسای ناپلیۆن له‌ساڵی ١٨٠٤ هه‌ندێك له‌یاسا زانه‌كان له رێگای نووسینو دانانی كتێب به‌مه‌به‌ستی رێزگرتن له‌یاسای ناپلیۆن ئه‌م بیرۆكه‌یه‌یان گه‌ڵاڵه كرد له ئه‌نجامدا بووه تیوری‌یه‌كو بۆماوه‌یه‌كی زۆر كاری پێ ده‌كراو تاكو ئێستاش لایه‌نگری خۆی هه‌یه.

به‌پێی ئه‌م تیوری‌یه دادوه‌ر هه‌روه‌ها هه‌موو یاسازانێكو ئه‌و كه‌سانه‌ی راڤه‌ی یاسایه‌ك ده‌كه‌ن ده‌بێ ده‌ق له‌دوای ده‌ق راڤه‌ی بكه‌ن به‌پێی ته‌رتیبی ئه‌و ماددانه‌ی له‌ناو یاسایه‌كه هاتوون هه‌روه‌ها ده‌بێ به‌دوای نیازی یاسادانه‌ر بگه‌رێن له‌كاتی دانانی یاسایه‌كه نه‌ك نیازی له‌كاتی چه‌سپاندنی‌دا.

هه‌روه‌ها ئه‌م تیوری‌یه به تیوری خۆ به‌ستنه‌وه به‌ده‌ق (الاتزام بالنص) ناوبراوه كه‌به‌ر رێزگرتنی بێ سنوور بۆ ده‌قه‌كانی یاسای نووسراو (التشریع) چونكه ئه‌و كه‌سانه ده‌ڵێن تاكه سه‌رچاوه‌ی یاسا یاسای دانراو (نوسراوه) هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه یاسازان دمولومب له‌وانه‌كانیدا له‌باره‌ی یاسای ناپلیۆن ده‌ڵێ: (ده‌ق پێش هه‌موو شتێك).

دووه‌م: تیوری‌یه بابه‌تی‌یه‌كان (النظريات الموضوعية):

ئه‌م تیوریانه بایه‌خ به ناوه‌رۆكی بنچینه‌ی یاسایی ئه‌ده‌ن نه‌ك به شێوه‌یه‌كی وه تیوری بابه‌تیه‌كانیش ئه‌مانه‌ن (تیوری یاسای سروشتی، تیوری یاسای سروشتی بێ سنور یان سنوردار، تیوری پێشكه‌وتنی مێژوویی، تیوری مه‌به‌ستی كۆمه‌لایه‌تی، تیوری هاوكاری كۆمه‌لایه‌تی، تیوری یاسای بێ گه‌رد (نظرية القانون المحض او القانون النقي).

له‌خواره‌وه به كورتی له هه‌ریه‌كێك له‌و تیوریانه ده‌دوێین:

أ- تیوری یاسای سروشتی:

ئه‌م تیوری‌یه پشتی به‌و بیرۆكه‌یه به‌ستووه كه ده‌ڵێ یاسایه‌كی سروشتی هه‌یه بریتی‌یه له به‌هایه‌كی بالای چه‌سپاوو هه‌میشه‌یی نه‌گۆڕ كه به گۆڕانی كاتو شوێن

ناگۆڕیو دەسکردی مرۆڤ نین بەڵکو دەسکردی سروشتنو لەگەڵ سروشتی شتەکان دەگونجێنو مرۆڤ لەرێگای ئەقڵیەوە دەیاندۆزێتەوەو دادپەروەرن.

لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بیرۆکەی ئەم یاسایە ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ بنچینەی یاسایی هەن بەرزترو کۆنترن لە بنچینەکانی یاسای دانراو (القانون الوضعي) (یاسای بەرکار) ئەو بنچینانەش سەربەخۆو چەسپاوو هەمیشەیینو دەشێن بۆ هەمو کاتو شوێنێك، واتە ئەم بنچینە یاساییانە لە بونیاندا قەرزاری ئارەزووی یاسادانەر نینو جیاوازو بەرزتریش لەیاسای بەرکار. وە ئەمەش واتای ئەوەیە، کەماف لەلایەن ئەم کەسانەوە لەرووی ناوەرکییەوە یەك چەشنە بەوەی کە مافێکی سروشتییەو لەرێی یاسای سروشتییەوە بە مرۆڤ بەخشراوە.

بیرۆکەی یاسای سروشتی لەهەر سەردەمێك کۆرکێکی تایبەتی پێوەنووساوە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەهەر سەردەمێك لەو سەردەمانەدا ئەم یاسایەیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراو.

بۆیە دەبینین لای قەشەی ئیتالی تۆماس ئەکوینی ئەم سەرچاوەیە بۆ ئایین گەڕاوەتەوە کەچی لەلای زانای فەرەنسی کرۆسیوس وای بۆ دەچێ کە یاسای سروشتی ئەوە نییە کە خوا وای ویستووە بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆی لەخۆیدا یاسای سروشتییە. بە واتایەکیتر، مانای ئەوەیە یاسای سروشتی یاسای ئەقڵەو بە حوکمی سروشتی شتەکان سەرهەڵدەدا واتە بوونی یاسای سروشتی بەبوونو سروشتی شتەکانەوە بەندە.

بۆ نموونە لەبەر ئەوەی باوك هۆی هێنانە دونیاوەی منداڵەکانیەتی بۆیە دەبینین، بژێو (نفقە)ی منالەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوەی شایەنی باسە، موعتەزیلەکان لەنێو زانایانی موسوڵمانانندا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی کرۆسیوسدا یەك دەگرنەوە بەوەی کە بەلایانەوە ئەقڵ تاکە بنچینەو سەرچاوەی یاسای سروشتییە نەك خوا یا یاسادانەر، بۆیە رۆڵی یاسادانەر بەلای ئەمانەوە بریتییە لە دۆزینەوەو پەسند کردنی ئەو بنچینانەی کە ئەقڵ دەرکی پێ بردووە.

دوای ئەم ڕونکردنەوەیە دەتوانین بڵێین یاسای سروشتی ئەو یاسایەیە کە لەگەڵ سروشتی شتەکان دەگونجێت، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی خوا بە سروشت پیاوی بە جۆرێکی بەهێزو بەتوانا دروست کردووەو ئافرەتیش بەشێوەیەکی ناسکو بێهێز لەچاو پیاو دروست کردووە بۆیە دەبینین بژێوی ژن لەسەر مێدەکەیەتی هەروەکو چۆن لەمادده (٥٨)ی یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموار کراودا هاتووە: (بژێوی هەر مرۆڤێک لەسەر خۆیەتی تەنیا بژێوی ژن لەسەر مێردەکەیتی).

لەم حاڵەتەدا ئەو بنچینە یاساییەی کە لەلایەن یاسادانەرەوە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە دەقاو دەقو کتو مت لەبنچینەی یاسایی سای سروشتی دەکات، چونکە ناکرێ بە پێچەوانەی ئەم بنچینەی دوایی بنچینەیەکیتر بۆ ئەم مەبەستە دابنێین.

لەراستیدا، هەموو مافەکانی مرۆڤ (مەبەستمان مافە سەرەکیو بنەڕەتییەکانی مرۆڤە) مافی سروشتینو سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سروشتیی بۆیە هەرچەندی ئێمە بەرەو ئەو یاسایە بچینو لێی نزیك بینەوە ئەوەندە مافەکانی مرۆڤ زامنتر دەبنو یاساکەش بێ کەمو کوڕی دادپەروەر دەبێت هەروەها لەجیاتی یاسایەکی ناوخۆیی بەرەو یاسایەکی جیهانی دەچێتو یەکسانیو ئازادیش بۆ گشت کەسێك دابین دەکاتو دادی کۆمەڵایەتیش دێتەدی.

ب- یاسای سروشتی بێ سنور (القانون الطبیعي ذي الحدود المتغیرة):

بەپێی ئەم تیۆرییە یاسای سروشتی بریتییە لە هەندێك بەهای بالای دادپەروەری ئەو بەهایانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك وە لەکاتێکیشەوە بۆ کاتێك دەگۆڕێن.

واتە پێش دەکەون بەپێی هەر وڵاتێکو هەر سەردەمێك هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ناوی لێنراوە (تیۆری یاسای سورشتی بێ سنور یان سنور نادیار) چونکە

نەبەستراوەتەوە بە سنورێکی دیاریکراو بە پێچەوانەی تیوری‌یەکەی پێشو کە وای بۆ دەچوو بنچینەکانی یاسای سروشتی چەسپاوو نەگۆڕبن.

ج- تیوری پێشکەوتنی مێژوویی (تیوری سافینی):

بەپێی ئەم تیوری‌یە یاسا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و بەشێکە لە کەلەپوری نەتەوایەتی وەکو زمان‌و ئاین‌و داب‌و نەریت، بۆیە یاسادانەر ناتوانێ کت‌و پڕ بە ویست‌و ئارەزووی خۆی بە جارێك دروستی بکات بەڵکو یاسا وەکو هەموو بوونەوەرە زیندووەکان وردە وردە گەشە دەکات بۆیە بارودۆخی کۆمەڵ کار لەیاسا دەکات‌و بەپێی ئەو بارودۆخی بەرەو پێشەوە دەچێت هەر ئەمەش وای کردووە یاسای هیچ ولاتێك وەکو هی ولاتێکی‌تر نەبێت‌و لەیەك جیاواز بن.

هەر لەم بارەیەوە سافینی دەڵێ: (بەگەشە سەندن‌و بەرەو پێشەوە چوونی گەل یاسا گەشە دەسێنێ‌و بەهێز بوونی گەلیش بەهێز دەبێت، هەروەها ناشمێنێت بەو شێوەیەی کە گەل نەتەوایەتیەکەی لەدەست دەدات).

د- تیوری مەبەستی کۆمەڵایەتی یان تیوری ئیرنج:

یاسازان ئیرنج دەڵێ دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان پابەندی یاسای مەبەست (قانون الغایە)ن واتە لە ئەنجامی ویست‌و ئارەزووی مرۆڤ دروست دەبێ بەمەبەستی بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو.

وە لەبەر ئەوەی یاسا دیادەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە بۆیە پابەندی یاسای مەبەستە واتە تەنیا وەسیلەیە ویست‌و ئارەزووی مرۆڤ بەکاری دەهێنێ بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی کۆمەڵایەتی کە پاراستنی کۆمەڵ وەدیهێنانی ئاسایشیەتی، بۆیە یاسا لە خۆیەوە دروست نابێت‌و گەشە ناسێنێ بەڵکو ویست‌و ئارەزووی مرۆڤ رۆڵێکی کاریگەری لەمەدا دەبێت.

هـ- تیوری هاوكاری كۆمەڵایەتی یان تیوری لیون دگی:

یاسازان لیون دگی ئینكاری بوونی یاسایەكی سروشتی دەكات هەروەها ئینكاری ئەوە دەكات كە مافێكی سروشتی هەبێت لكا بێت بە كەسایەتی مرۆڤو بەر لە كۆمەڵ هەبێت.

بە پیَی بۆچوونی دگی یاسا بریتییە لە كۆمەڵێك بنچینەی یاسایی پێویست بۆ بەدیهێنانو پاراستنی هاوكاری كۆمەڵایەتی بۆیە هاوكاری كۆمەڵایەتی سەرچاوەی یاسایەو دەبێ هاوڵاتیانو دەوڵەت پێكەوە وەكو یەك خۆیانی پێ بابەند بكەن. لەبەر رۆشنایی ئەمانەدا دەتوانین بڵێین بنچینە یاساییەكان قەرزاری ویستو ئارەزووی یاسادانەرو ئەقڵ نین بەڵكو كۆمەڵ لەخۆیەوە هێناویەتیەكایەوە هەر لەبەر ئەوەی ژیانێك كۆمەڵایەتی هاوبەش لەئارادایە.

بۆیە پێویستییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی ئەو بنچینە یاساییانە دێنێتەكایەوە بە شێوەیەك هەر كۆمەڵێك بنچینەی یاسایی تایبەت بە خۆیان هەیەو بەسەر گشت ئەندامەكانی ئەو كۆمەڵەیە دەچەسپێت دەسەڵاتمەندبن یان ژێر دەسەڵات.

ز- تیوریی یاسای بێگەرد (نظرية القانون النقى):

یاسازان هانس كلسن یاسای بەزانستێكی سەربەخۆ دانا وەبۆیە گشت هزرێكی پێشینەیی بەدوور خستۆتەوە، هەروەها یاساو هۆكارەكانی رەوشتو رامیاریو فەلسەفەو دابو نەریتی لێك جیاكردۆتەوە.. دوابەدوای ئەوە هەستاوە بە لێك جیاكردنەوەی جیهانی سروشتو جیهانی یاسا.

دوای راڤەكردنی بۆ ئەم دوو جیهانەو چۆنێتی پەیوەندی رووداوە سروشتییەكان لەگەڵ یەكتریدا بەهۆی پەیوەندی هۆكاریی لەنێوان هۆو ئەنجامەكەی لەجیهانی سروشتدا هەروەها دیراسەكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان لەنێوان تاكەكەساندا لە جیهانی یاسادا، ئەو پەیوەندییانەی كەوا بنچینە یاساییەكانی فەرمانكەر رێكیان دەخەنو پرنسیپی خستنە پاڵ (الاسناد) یان (لێپرسینەوە- المسائله) حوكمیان دەكات واتە هەركاتێك بارودۆخێك (الظرف) هاتەدی كە تاوانە دەبێ ئەنجامەكەی بێتە

دی که بریتی‌یه له سزادان بەڵام سزا ئەنجامی تاوان نیه بەڵکو لەبەر ئەوەیە چونکە بنچینەیەکی فەرمانکەر هەیە فەرمانی کردووە بە سەپاندنی سزا لەکاتی هاتنەدی ئەو بارودۆخە.

وە لێرەوە هانس کلسن دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە دروستی (صحە) ئەم بنچینەیە وە دەڵێ بۆ ئەوەی ئەو بنچینەیە دروست دەبێت دەبێ کۆك بێت لەگەڵ بنچینەیەکی پێشوو کە لەو بەرزترە دوابەدوای ئەوە تاوەکو دەگاتە دەستوورێکی پێشین وە ئەو دەستوورەش بەدەوری خۆی دەبێ کۆك بێت لەگەڵ دەستووری یەکەم کە دەستورێکی بنەڕەتی‌یە کە ڕووداوێکی فعلی‌یەو دەکرێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە سیفەتی یاسای تیایە وە نیزامی یاسایی بە تەواوەتی لەسەر گریمانەیەك دروست کراوە گوایان دەستووری بنەڕەتی بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بنچینەی یاسای دروست وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کردارەی کە دەستووری یەکەم داینـاوە سیفەتە یاسایی‌یەکەی لە بنچینەیەکی پێشینە وەردەگرێت بەچەشنێك کە دەستوری بنەڕەتی‌و نیزامی یاسایی کە لەوەوە دروست دەبێت دروستی‌یەکەی لەو بنچینەیە وەردەگرێت وە ئەم بنچینەیەش کەوا سیفەتی یاسایی بە دەستوری یەکەم دەبەخشێت ئەو بنچینەیەیە کە هانس کلسن ناوی لێناوە بنچینەی بنەڕەتی.

هانس کلسن دوومەرجی سەرەکی بۆ بنچینەی یاسایی داناوە، یەکەمیان دەبێ دروست بێت واتە بۆ ئەوەی بنچینەیەك بە بنچینەی یاسایی دابندرێت دەبێ لەگەڵ بنچینەیەکی پێشین‌و لەخۆی بەرزتر کۆك بێت‌و سەرپێچی نەکات. مەرجی دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ سەرکەوتوو (ناجح) بێت واتە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ ڕێزی لێ بگیرێت‌و پەسەندی بکەن. هەروەها دەڵێ ئەگەر بنچینەکە سەرکەوتوو (ناجح) نەبوو پێویست ناکات گریمانەی دروستێتی بنچینە بنەڕەتی‌یەکە بکەین.

بە کورتی تیوری کلسن لەسەر ئەو بنچینەیە دروست کراوە گوایا هەر بنچینەیەك سیفەتە یاسایی‌یەکەی لە بنچینەیەکی لەخۆی بەرزتر وەردەگرێت وە بەم شێوە تادەگاتە بنچینە بنەڕەتی‌یەکە.

سێیەم: تیوری تێکەڵاو (زانستو دارشتن):

یاسازانی فەرەنسی چینی خاوەن ئەم تیورییەیە هەردوو تیورییەکانی پێشووی تێکەڵاو کردووەو توری خۆی لێ دروست کردووەو وای بۆ دەچێ کە یاسا پێك هاتووە لە دوو رەگەز یەکێکیان کەرەستە خاوەکەیەتی کە پێی دەڵێن ناوەرۆکی بنچینە یاسایی ئەوەی تریشیان شێوە دەرەکییەکەیەتی.

کەرەستە خاوەکەی پێك هاتووە لەو حەقیقەتانە کە ئەقڵ لە رووداوەکانی ژیان بۆی بەدیار دەکەوێ.

شێوەش بریتییە لەو وێنەیەی کە بنچینەی یاسایی دەبێ وەری بگرێت تاوەکو توانای چەسپاندنی هەبێت، کەواتە یاسا لە روانگەی جینییەوە پێك هاتووە لە رەگەزی زانستو دارشتن.

چوارەم: تیوری کۆمەڵ پەروەر (النظرية الاشتراكية):

لایەنگرانی ئەم تیورییە وای بۆ دەچن کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان یاساو ئابووریدا هەن.

بەلای ئەوانەوە ئابووری ژێر خانەیە (البناء التحتی)و هزریش سەرخانەیە (البناء الفوقی) وە لەبەر ئەوەی یاسا بەشێکە لە هزر کە سەرخانەیەی بۆیە بەپێی ژێر خانە واتە بنچینەی ئابووری- دیاری دەکرێت.

بەواتایەکی‌تر یاسا بریتییە لە تیشکدانەوەی ئەو بیرو بەرژەوەندییانەی لەناو کۆمەڵدا هەن.

تێبینی:

ئەم بابەتە هەندێکن لەو وانانەی کە لەلایەن ئێمەوە بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەم لە کۆلیژی یاساو رامیار بە هەردوو بەشی یاسا هەروەها رامیاری،و کۆلیژی مافو کۆلیژی بەڕێوەبردنو ئابووری بەشی ژمێریاریو کۆلیژی پۆلیس بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩ وتراوەتەوە.

سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

١- فكرة القانون- اللورد دينيس ترجمة سليم الصويص.

٢- مذاهب القانون- د.منذر الشاوي.

٣- فلسفة القانون- دياس ترجمة هنري رياض.

٤- فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين د.محمد شريف.

٥- اصول القانون- د.آدم وهيب ود.سعيد عبدالكريم.

٦- یاساو ماف- کمال سعدی.

٧- فلسفة القانون- د.حسن علي ذنون.

٨- تیوری گشتی یاسا- د.سەعدی بەرزنجی.

٩- جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ.

١٠- المدخل لدراسة القانون- عبدالباقي البكري والاخرون.

١١- القانون- د.منير محمود الوتري.

١٢- المدخل الى دراسة النظام القانوني الانكليزي- د.مجيد حمسد.

١٣- المدخل لدراسة القانون- د.حسن كيرة.

نووسەر لەچەند دێڕێکدا :



* لەساڵی ١٩٥٦ لەشاری هەولێر لەدایک بووە.

* لەساڵی ١٩٨٩/١٩٨٨ کۆلیژی یاسای لەزانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەیاسا وەرگرتووە.

* لە ١٩٩٦/٥/٢١ بڕوانامەی ماجستێری لەیاسا لەنامەی (حق الملكية الادبية والفنية في القانون العراقي والمقارن) لەکۆلیژی یاساو رامیاری لەزانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

* قوتابی دکتۆرا بوو لە (معهد التأريخ العربي والتراث العلمي) لەبەغدا، بەڵام ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەددین بە بڕیارێك قەدەغەی خوێندنی کرد لەم ئامۆژگایەو تاکو ئێساش لەجیاتی داخستنی ئەم دەرگایە پەنجەرەیەکی نەکردۆتەوە.

سوپاس و پێزانین

* سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی ماموستا نەژدەت سەبری ئاکرەیی بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆو راگری کۆلیژی ماف دەکەم بۆ هەستی پاکی زانستیانەو هاوکاری کردنی لەپێناو بەرەو پێشەوە بردنی ووشەو یاساو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

* هەروەها سوپاسی کارمەندانی چاپخانەی زانکۆ دەکەم، کە هەرگیز سەربازی ئامادەباش بوونە لەمەیدانی چاپو چاپەمەنیدا.

* هەروەها سوپاسی ئەو دڵسۆزانە دەکەم کە لەکاتی تەنگانەدا بەهانام هاتوون بەتایبەتی بۆ گەیاندنی دەنگم بۆ ئەو لێپرسراوانەی کە دەنگم نایانگاتێ بۆ تەواوکرنی خوێندنی دکتۆرا.. هەرچەندە هەوڵو تەقەلای ئەوانیش بەهەمان دەردی هەوڵەکانی من رۆیشت چونکە من نە (...)م و نە (...) ئەوەشم، بەڵکو کورە (...) ێکم.

* ژمارە (١٣٤)ی سالی (١٩٩٩)ی کتێبخانەی نیشتمانی دراوەتێ.

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر